Crescent Petroleum
پتر لە چل ساڵ
بەشداری کردن لە پرۆسەی گەشەپێدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ئاسیاسێڵ
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

رۆژنامە
www.rozhnama.com
رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 343 سێشەممە 11/ 11/ 2008 | نرخ 500 دینار | No.343 Tue 11/ 11/ 2008

**بەیەکجاری مانگرتنی مامۆستایان هەڵوەشایەوە** ل ٣

**بۆچی پێویستە هەندێک لە بەرپرسەکانی کەرکوک دەستلەکار بکێشنەوە؟** ل ٥

**حکومەتی هەرێم ئاگادار نییە عێراق کار بۆ بوژاندنەوەی...** ل ٦

**ڕێبین هەردی: هەمووما دەشێت بەدەردی جەنەراڵی پایز...** ل ١٤

# پەرلەمانتاران رەخنە لە نێچیرڤان بارزانی دەگرن

**رۆژنامە**

پەرلەمانتارانی کوردستان پێیانوایە ئەو هەوڵەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە دروستکردنی لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوەی یاسای باری کەسێتی، تەداخولکردنە لە کاری پەرلەمان‌و تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە حکومەت ناتوانێت پێداچوونەوە بۆ یاسایەک بکات، کە لە پەرلەمان پەسەندکرابێت.

دوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی خستنەڕووی هەندێک روونکردنەوە لەسەر یاسای باری کەسێتی، رۆژی ١١/٩ لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کۆبووەوەو پێی راگەیاندن «بەرلەوەی یاساکە رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت بۆ پەسەندکردنی، لیژنەیەک پێکدەهێنرێت بۆ پێداچوونەوەی». ئەو لێدوانەی سەرۆکی حکومەت نارەزایی لای زۆرێک لە پەرلەمانتارانی لیستە جیاجیاکان دروستکرد.

کەریم بەحری، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەسەر لیستی سەوز، وتی: «لەڕووی یاساییەوە سەرۆکی حکومەت ناتوانێت تەدەخول بکات لەو یاسایەی کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات».

**لە ل٢دا بەدواداچوونێک بڵاوکراوەتەوە.**

# کورد لە هەڵبژاردنی دیالەو موسڵو تکریت ٣/١ی دەنگەکانی پێشووی بەدەست دەهێنێتەوە

**رۆژنامە**

بەپێی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونێکی (رۆژنامە)، کورد لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیالەو موسڵو تکریت، لەکۆی ٤٥ کورسی ئەو سێ پارێزگایە، کەمتر لە ١٥ کورسی بەدەست دەهێنێتەوە، ئەو ئەنجامەش کە زۆرێک لە ئەندامانی ئێستای ئەنجومەنەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، هۆکارەکەی بۆ بەشداربوونی بە بەرنامەداڕێژراوی عەرەبی سوننەو سەحوەکان‌و ئاوارەکردنی مەسیحییەکانی موسڵو خراپی رەوشی ئەمنیی‌و بارودۆخی کورد لە سنووری ئەو سێ پارێزگایەدا دەگەڕێننەوە. لە ئێستادا لیستی کورد لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ ٣٠ کورسی‌و لە ئەنجومەنی پارێزگای تکریت ٨ کورسی‌و لە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ٧ کورسی هەیە، سەرباری وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری موسڵو سەرۆکی ئەنجومەنی دیالەو یاریدەدەری پارێزگاری تکریت.

**لەو بارەیەوە لە ل٣دا راپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە.**

# مالیکی، تەنها ئەندامانی حیزبەکەی لە وەفدی رێککەوتنە ئەمنییەکە دادەنێت

**هەستیار قادر**

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەرجەم ئەندامانی وەفدی دانوستکاری رێککەوتنی ستراتیژی عێراق- ئەمریکا، لە حیزبەکەی خۆی پێکدەهێنێ‌و پەرلەمانتارێکی لیستی هاوپەیمانیش جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە مالیکی زیادەڕۆیی لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەکات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، لەدوای هەڵوەشاندنەوەی وەفدی دانوستکاری رێککەوتنە ئەمنییەکەی نێوان عێراق‌و ئەمریکا، ئێستا نوری مالیکی، شاندێکی تری لە ئەندامانی حیزبەکەی پێکهێناوە، بۆ درێژەدان بە دانوستانەکان‌و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە رەشنووسی ئەو رێککەوتنەدا.

ئالا سەعدون، پەرلەمانتاری بەرەی تەوافوق، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، بۆ رۆژنامە ئاشکرایکرد، کە پێشتر سەرجەم لایەنە عێراقییەکان نوێنەریان لە وەفدی هونەریی دانوستکاری رێککەوتنی ئەمریکا- عێراقدا هەبووە، بەڵام لە وەفدی ئێستادا تەنها ئەندامانی حیزبی دەعوەی تێدایەو بە ویستی خۆیان گۆڕانکاری جەوهەریی تیادا دەکەن.

ئەو ئەندامەی بەرەی تەوافوق وتیشی: «ئەمریکییەکان لەو رێککەوتنەدا قایلبوونی خۆیان نیشانداوە بۆ رادەستکردنەوەی سەرجەم دەستگیرکراوە عێراقییەکان بە حکومەتی عێراقی، بەڵام ئەو وەفدە نوێیە داوایان کردووە کە دەستگیرکراوەکان لەلای هێزەکانی ئەمریکا بمێننەوە، تا بە بڕیارێک حکومەتی عێراقی وەریاندەگرێتەوە، لە کاتێکدا کە یاسای لێبوردنی گشتیی هەیە لە عێراق‌و زۆربەی ئەو دەستگیرکراوانە دەگرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە د. بوخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی پەرلەمانی عێراق، ئاماژەی بە مەترسییەکانی ئەو هەنگاوەی مالیکی کردو روونیکردەوە، ئەو هەنگاوە بەڵگەی ناشەفافییەت‌و بوونی یەک تێڕوانینە بەرامبەر بە رێککەوتنە ستراتیژییەکەو وتیشی: «ئێمە وەک لیستی هاوپەیمانی، ئیمزاکردنی رێککەوتنەکە بە بەرژەوەندیی عێراقییەکان دەزانین‌و هەر کۆسپێکیش بخرێتە بەردەم ئەو رێککەوتنە لەلایەن ئەو وەفدەوە بە مەبەستی ئیمزانەکردنی، بە دژایەتیکردنی بەرژەوەندیی عێراقییەکانی دەزانین».

بوخاری عەبدوڵڵا، کە ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیشە، رایگەیاند: دانانی ئەندامانی حیزبی دەعوە لە وەفدی دانوستکاردا، لە عەقڵییەتی مالیکییەوە نزیکەو ناوبراو بە پێچەوانەی پرەنسیپە نوێیەکانی عێراقەوە دەیەوێت زیاد لەوەی لە دەستووردا بۆی دانراوە، دەسەڵاتی هەبێت‌و زۆرینەی دەسەڵاتەکان لە خۆی‌و بەغدا کۆ بکاتەوە.




## هەلی کارکردن لە کۆمپانیای نالیاوە

دوای ئەنجامدانی پرۆژەی نیشتەجێبوونی گوندی ئەڵمانی بە سەرکەوتوویی‌و فرۆشتنی ٩٢٪ی یەکەکانی، کۆمپانیای نالیا هەڵدەستێت بە دروستکردنی ١١٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون لەژێر ناوی (کورد سیتی) KURD CITY .

بۆیە کۆمپانیا پێویستی بەم کارمەندانە هەیە:

١. یەک ئەندازیاری تەلارسازی (شارەزایی لە 3Dmax دا هەبێت).
٢. (٢٠) ئەندازیاری بیناکاری (مەدەنی) (شارەزایی لە ٥ ساڵ کەمتر نەبێت).
٣. (٢٠) چاودێر (مراقب فنی).
٤. (٣) ژمێریار (شارەزایی لە ٣ ساڵ کەمتر نەبێت).
٥. (٣) ڕووپێو (شارەزایی لە ئامێری Total Station دا هەبێت).

**لە ڕۆژانی ١٠ بۆ ٢٠٠٨/١١/٢٠ فۆرم لە کۆمپانیا دابەشدەکرێت‌و چاوپێکەوتنەکان ئەنجامدەدرێت.**

**کۆمپانیای نالیا**
**سلێمانی ـ تووی مەلیک**
**گوندی ئەڵمانی ـ خانووی ژمارە ١٢**
**٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠ــ ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠**

This is trial version
www.adultpdf.com

# بەیەکجاری مانگرتنی مامۆستایان هەڵوەشایەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بڕیاری مانگرتنی ئەمڕۆی مامۆستایانی هەڵوەشاندەوەو ئاماژە بەوەشدەکەن کە هەر قوتابخانەیەک یان هەر مامۆستایەک سەربەخۆ مانگرتنی ڕاگەیاند، ئەوان لێی بەرپرسیار نین.

هەرچەندە بڕیاربوو ئەمڕۆ یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان مانگرتنی سەرتاسەری ڕابگەیەنن بە مەبەستی گەڕانەوەی دەرماڵەی پیشەیی بۆیان، بەڵام دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی پێرێی یەکێتییەکەدا لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەتدا چەند بەڵێنێکیان پێدرا، یەکێتیی مامۆستایان مانگرتنەکەیان هەڵوەشاندەوە، ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی مامۆستایان بەو بەڵێنانەی حکومەت ناڕازین.

سیروان نوری، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا بە پێدانی بڕی ٧٥ هەزار بە پلەکانی حەوتو هەشتی مامۆستایان کە نزیکەی ٤٠ هەزار مامۆستا دەگرێتەوەو لە مانگی حەوتەوە بۆیان سەرفدەکرێت، هاوکات بڕی ٢٥٠ هەزاریش وەک قەرەبوو بە سەرجەم مامۆستایان دەدرێت، داوامانکرد کە پلەکانی پێنجو شەش بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەوانیش بەڵێنیان پێداین لەبەرئەوە بڕیارماندا کەماننەگرینو بەو بەڵێنانەی حکومەت ڕازی بین، هەرچەندە جێبەجێکردنی داواکاریەکانمان ١٠٠٪ نییە، بەڵام بەشێکی جێبەجێ کراوە».

لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایان دوێنێ لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە، سەرجەم مامۆستایانی ئاگادار کردەوە کە بەهۆی جێبەجێکردنی بەشێک لە داواکارییەکانیانەوە بڕیاری مانگرتن هەڵدەوەشێننەوە «هەر مامۆستایەک یان مامۆستایانی هەر قوتابخانەیەک سەربەخۆ مانگرتن ڕابگەیەنێت، ئێمە لێی بەرپرسیار نینو پەیوەندیمان پێوەی نییە».

هاوکات سەرچاوەیەک لە یەکێتی مامۆستایان سەبارەت بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مانگرتنەکە بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەوان بەو بەڵێنانەی حکومەت ڕازی نینو ئەمە چەندەمینجارە بەڵێنی وایان پێبدرێت بێئەوەی جێبەجێ بکرێت، وتیشی: «پێویست بوو یەکێتیی مامۆستایان لەسەر هەڵوێستی خۆیان سووربونایەو مانگرتنی سەرتاسەری ڕابگەیەنرایە، چونکە داواکاریەکانمان جێبەجێ نەکراوە وەک ئەوەی دەمانویست».

## لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەو تکریتو موسڵ

# کورد کەمتر لە ٣/١ی دەنگەکانی پێشووی بەدەست دەهێنێتەوە

**بەهادین یوسف**

کورد لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ٣/١ی کەمتری دەنگەکانی پێشووی بەدەست دەهێنێتەوە. بەشداریکردنی عەرەبەکانو بەتایبەت سوننەکانو سەحوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووداو پرۆسەی ئەمنیی مژدەی چاکە لە دیالەو هەڵمەتی ئوم ڕەبیعەینو ئاوارەکردنی مەسیحییەکانی موسڵو مادەی ٥٢ی یاسای هەڵبژاردن تایبەت بە نوێنەرایەتی کەمینەکانو ڕەوشی ئەمنیو بارودۆخی کورد لە سنووری پارێزگای سەلاحەدین (تکریت)، هۆکاری کەمبوونەوەی دەنگی کوردن.

### موسڵ
### کورد لە ٣٠ کورسییەوە بۆ ١٠ کورسی

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لیستی برایەتی نەینەوای کورد لە موسڵ لە کۆی ٤١ کورسی ئەنجومەنی پارێزگا، ٣٠ کورسی بەدەستهێناو پێکهاتەکەی بەمشێوەیە بوو (١٠ کوردی مسوڵمان، ٣ کوردی ئێزدی، ١ کوردی شەبەک، ١ شیوعی، ١ یەکگرتوو و ٥ مەسیحی لە حیزبی دیموکراتی کلدانیو پارتی نیشتمانی ئاشووریو بزوتنەوەی ئاشووریو ٢ کەسایەتی مەسیحی سەربەخۆو ٧ کەسایەتی عەرەبی سەربەخۆ).

لە پۆستەکانی پارێزگای موسڵیشدا پارێزگاری موسڵ بەر درید کەشمولە کەوت، کە عەرەبێکی سەربەخۆیە لەسەر لیستی کوردییو جێگری پارێزگار، خەسرەو گۆران لەسەر لیستی کوردییو سەرۆکی ئەنجومەن بەر لیستی کوردیی کەوت، کە کەسێکی سەربەخۆیەو هەردوو جێگری سەرۆکی ئەنجومەن غائب عیسا، تورکمانێکی سەربەخۆیەو محەمەد بەشیر، کوردە لەسەر لیستی کوردی، سەرۆکی زۆربەی لیژنەکانی ئەنجومەنیش بەر لیستی کوردیی کەوت.

بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ کورد بە لیستی برایەتی نەینەوا بەشداری دەکات، کە پێکهاتووە لە سێ حیزبی کوردیی کە هاوپەیمانییان لەگەڵ دوو حیزبی ئاشووریو کلدانیو هەردوو حیزبی شیوعی عێراقیو کوردستانی بەمشێوەیە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی دیموکراتی کلدانی، یەکێتیی نیشتمانیی ئاشووری، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراقیو حیزبی شیوعی کوردستان).

بەپێی بڕیارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو بە پشتبەستن بە ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی، کە بنەماکەی کۆبۆنی خۆراکە، ئەنجومەنی داهاتووی پارێزگای موسڵ پێکدێت لە ٣٧ کورسیو پێشبینی دەکرێت کورد کەمتر لە ١٠ کورسی بەدەس بهێنێت، بەهۆی ئەوەی عەرەبەکانو بە تایبەتی سوننەو هێزەکانی سەحوە بەهێزەوە بەشداریی دەکەنو بەپێی مادەی ٥٢ی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان کەمە نەتەوایەتیو ئایینییەکان کورسی تایبەتیان دەبێتو لە سنووری موسڵ ١ کورسی بۆ هەریەکە لە ئێزدییو شەبەکو مەسیحییەکان دانراوەو لە بازنەیەکی تایبەتی هەڵبژاردندا ململانێ لەسەر ئەو کورسییانە دەکەن، لە کاتێکدا لە لیستی پێشووی کورد ١١ کورسی بۆ ئەو پێکهاتانە تەرخانکردبوو، هەروەها پارتە مەسیحییەکانیش بەشداریی هەڵبژاردن ناکەنو دەکشێنەوە، بەمەش کاریگەریی لەسەر لیستی کوردیی دروستدەکات.

قاسم سالح، نوێنەری ئێزدییو ئەندامی ئێستای ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لەسەر لیستی برایەتی نەینەوا، پێیوایە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا عەرەبەکان بەهێزەوە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەنو ژمارەیەکی زۆری کورسییەکانی ئەنجومەن دەبەنەوەو پەسەندکردنی مادەیەکی تایبەت بە ڕێژەی کەمینەکان لە ئەنجومەنی پارێزگا، کەمینەکان بەجیا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، بۆ هەڵبژاردنی پێشوو بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک تەنها ٦ بۆ ٧ هەزار دەنگ پێویست بوو، چاوەڕێ دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو یەک کورسی پێویستی بە ٢٥ هەزار دەنگ هەبێت.

نوێنەری ئێزدییەکان ئەوەشی ئاشکراکرد، کورد بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ٣٧ پاڵێوراوی هەیە، کە ٤یان مەسیحین، «دوێنێ حیزبی نیشتمانیی کلدانی کە پاڵێوراوێکیان هەیە، پێیان ڕاگەیاندین کە پاشەکشە دەکەنو بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن».

### دیالە
### سوپا کۆنترۆڵی پارێزگاکە دەکاتو دەنگی کورد کەمدەکاتەوە

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥دا لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە دیالە لە کۆی ٤١ کورسی ئەنجومەنی پارێزگا، ٧ کورسی بەدەستهێنا، ٤ی بەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت، کە ئەندامێکی عەرەبەو ٣ کورسی بەر پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت، کە هەرسێکیان کوردنو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ئیبراهیم حەسەن باجەڵانە لەسەر لیستی کوردەو کورسییەکانی تریش ٢٠ی بەر ئیئتیلافی شیعەو ٧ی بەر حیزبی ئیسلامی کەوت، جگە لە سەرۆکی ئەنجومەن، یاریدەدەری پارێزگار بۆ کاروباری ئابووری بەر کورد کەوت، لەگەڵ سەرۆکی هەردوو لیژنەی یاساییو پەروەردەو فێرکردن.

بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو کورد بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی/ دیالە بەشداریی دەکات، کە پێکهاتووە لە شەش حیزبی کوردستانی، ئەوانیش (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان).

بەپێی بڕیاری کۆمسیۆنیش بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لە ٢٩ کورسی پێکدێتو پێدەچێت کورد کەمتر لە ٤ کورسی بەدەستبهێنێتو پێکهاتەی لیستەکەش پاڵێوراوەکانی لە ١ بۆ ٤ بۆ یەکێتییو پارتی دانراوەو لە (٥) بەدواوە بۆ حیزبەکانی تر دانراوە، بەهۆی هەڵمەتی مژدەی چاکە لە ڕۆژی ٧/٢٩ لە پارێزگای دیالە دەستیپێکرد، کە زیاتر ئەجێندایەکی سیاسیی لە پشتەوە بوو بۆ کەمکردنەوەی سەنگو قورسایی کورد لە ناوچەکە، بەهۆیەوە لیوای ٣٤ی گەرمیانی پێشمەرگە لە ناوچەکە دەرکرانو بەشێکی زۆری بارەگای حیزبە کوردییەکان لە سنوورەکە لە بیناکانیان دەرکرانو بەمەش سوپای عێراق هەیمەنەی تەواوی بەسەر ناوچەکەدا کردو ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی قورسایی کورد لە ناوچەکەو لە بەرامبەردا عەرەب بەهێز دەبێت، لە ئێستادا ٤٤ لیست لە سنووری دیالە ململانێ دەکەن، کە زۆرینەیان عەرەبن.

ئیبراهیم حەسەن باجەڵان، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی کورد، پێشبینی کرد لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کورد ٤ کورسی لەکۆی ٢٩ کورسی بەدەستبهێنێت، بەهۆی ئەوەی سوپا کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکەی کردووەو پشتیوانیی لە عەرەبەکان دەکەنو دژایەتی کورد دەکەنو دەسەڵاتەکانیان کەمدەکەنەوە، ئەمەش وادەکات عەرەبەکان بەهێزەوە بەشداریی بکەنو بەرامبەر لاوازیی کورد، لایەنە عەرەبییەکان لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی قەرەتەپەو جەلەولاو سەعدییە بەهێزبوون، بەوتەی ئەو «عەرەبەکانیش بەلێشاو پارە هەڵدەڕێژنو کار لەسەر عەشیرەتە عەرەبییەکان دەکەن».

### تکریت
### کورد لە بەهێزترین لیستەوە بۆ لاوازترین

لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا کورد بە (لیستی ئیئتیلافی دیموکراتی یەکگرتوو) بەشداریکرد لەکۆی ٤١ کورسی، ٨کورسی ئەنجومەنەکەی بەدەستهێنا، ٣ یەکێتی، ٣ پارتیو ٢ عەرەب، باڵاترین لیستی ناو ئەنجومەنەکە بوو لەڕووی ژمارەی کورسییەوە، بەدەنگو پاڵپشتی کورد سەید قاسم بەرزنجی کرا بە یاریدەدەری پارێزگار، کە کەسێکی کوردە، بەڵام لەسەر لیستی گردبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی عێراق بە سەرۆکایەتی نەهرۆی شێخ عەبدولکەریمە. جگە لەو پۆستە بەهۆی بارودۆخی ئەمنیی ناوچەکەو پێکهاتەی ناوچەکە، کە زۆرینەی عەرەبە، کورد هیچ پۆستێکی ئیدارییو ئەمنیی وەرنەگرت، جگەلە ئەندامێتی چەند لیژنەیەک لە ئەنجومەنی پارێزگاکە.

بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ کورد بە (لیستی برایەتیو پێکەوەژیانی ئاشتییانە) بەشداریی دەکات، کە پێکهاتووە لە شەش حیزبی کوردستانیو حیزبی شیوعی عێراقو حیزبێکی تورکمانی، بەمشێوەیە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی برایەتی تورکمانی/ عێراق).

بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدین (تکریت) پێکدێت لە ٢٨ کورسیو پێشبینی دەکرێت لیستی کوردیی ٢ کورسی بەدەست بهێنێت، بەهۆی ئەوەی عەرەبەکان لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا بەشدارییان نەکردو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا خۆیان ڕێکخستووەتەوەو بەهێزێکی زۆرەوە بەشداریی دەکەنو پێدەچێت زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەن بەدەستبهێنن، لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا بۆ بەدەستهێنانی یەک کورسی، دەنگی ٣ هەزار کەس پێویست بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی داهاتووداو بەهۆی بەشداریکردنی زیاتری خەڵکەوە، پێدەچێت دەنگی ١٥ هەزار کەس بەرامبەر یەک کورسی بێت.

شەلال عەبدول ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر لیستی ئیئتیلافی کوردی، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد، چاوەڕێدەکرێت لەکۆی ٢٨ کورسی، لیستی کورد ٢ بۆ ٣ کورسی بەدەستبهێنێت، بەهۆی ئەوەی عەرەبەکان بەتەواوەتی خۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادەکردووە، هۆکارێکی تر بە ڕای ئەو: «باری ئەمنییو پێکهاتەی ناوچەکە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی کورسییەکانی کورد لە ئەنجومەنی تکریتدا».



This is trial version
www.adultpdf.com

# بەیانیت باش کوردستان

## دۆزینەوەی گۆڕێک کە مێژووەکەی بۆ پێش هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە

**عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر**

لە ناحیەی سیتەکی سەر بەقەزای چوارتا، گۆڕێک دۆزرایەوە کە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، ئەو گۆڕە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێک پێش هاتنی ئایینی ئیسلامو گۆڕەکەش گۆزەیەکی گەورەو مردوویەکی تێدایە.

حەسەن عەلی بەگ، بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی، بەوەکالەت باسی لەوەکرد کە ڕۆژی ٦ی ئەم مانگە، پەیوەندییان پێوەکرا، کە گۆڕێکی لەو شێوەیە دۆزراوەتەوە، ئێمەش سەردانمان کردو دوای دەرهێنانی بۆمان دەرکەوت کە ئێسکو پروسکی مردوویەکی تێدابووە لەناو گۆزەیەکی گەورەدا بوو، کە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، بۆمان دەرکەوتووە هی چەند ساڵێک پێش هاتنی ئایینی ئیسلامە.

حسێن، ئاماژەی بەوەشدا، گۆڕەکە گۆزەیەکی بچووکی لەگەڵدایەو هەموو زانیارییەکانی ئەو مردووەی تێدایە، بەڵام دیارە پێشتر ئەو گۆزەیە براوە، بۆیە لە پەیوەندیداین لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی سیتەک، تا لێکۆڵینەوە بکات. «ئێمە بەنیازین لیژنەیەک دروست بکەین و بچینە ئەو شوێنە، چونکە پێدەچێت گۆڕی تریشی لێبێت».

## ئەمڕۆ چوارەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی لە سلێمانی دەکرێتەوە

**بڕیار نامیق**

بەبەشداری ٣١٦ کۆمپانیای ناوخۆیی و دەرەکیی، بڕیارە ئەمڕۆ چوارەمین پێشانگەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە کۆمەڵگای تاسلۆجەی سەر بە پارێزگای سلێمانی بکرێتەوە.

جیهاد محەمەد، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی عێراق- ئەمریکی لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بە بەشداری زیاتر لە ٣١٦ کۆمپانیای ناوخۆیی و دەرەکیی، ئەم پێشانگەیە دەکرێتەوە، کە کۆمپانیا دەرەکییەکان ٢٠٪ی پێشانگەکە پێکدەهێنن. وتیشی: «دەستپێکی پێشانگەکە بە کۆنفرانسێک لەسەر بواری ئاوەدانکردنەوە دەست پێدەکات، دواتر لەلایەن عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەتەوە، پێشانگەکە دەکرێتەوە، وەک ئاماژەی پێدا کە ئەمساڵ زۆربەی کۆمپانیا بەشداربووەکان، تایبەتن بە بواری ئاوەدانکردنەوە، واتا بیناسازی و پێداویستی ناوماڵ.

# ئەندامانی پەرلەمان: حکومەت ناتوانێت پێداچوونەوە بۆ یاسایەک بکات کە پەرلەمان پەسەندی کردبێت

**ئەلەند مەحوی**

چەندین ئەندام پەرلەمانی کوردستان، تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە حکومەت ناتوانێت لیژنە پێکبهێنێت و پێداچوونەوە بۆ یاسایەک بکات، کە لە پەرلەمان پەسەند کرابێت، ئەم ناڕەزاییەش دوای ئەوە دێت، کە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بە زانایانی ئاینی ڕاگەیاند: لیژنەیەک دادەنێن بۆ پێداچوونەوەو دڵنیابوونەوە لەوەی کە هیچ دەقێک لە یاسای باری کەسێتیی نەهاتبێت دژی قورئان بێت.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی خستنەڕووی هەندێک ڕوونکردنەوە لەسەر یاسای باری کەسێتیی، ڕۆژی ١١/٩ لەگەڵ سکرتاریەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کۆبووەوەو پێی ڕاگەیاندن «بەر لەوەی یاساکە ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت بۆ پەسەندکردنی، لیژنەیەک پێکدەهێنرێت بۆ پێداچوونەوەی».


سەرۆکی حکومەتی هەرێم

کەریم بەحری، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەسەر لیستی سەوز، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەڕووی یاساییەوە سەرۆکی حکومەت ناتوانێت تەداخول بکات لەو یاسایەی کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لە ڕێگەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە تێبینییەکانی بخاتەڕوو، نەک لیژنە پێکبهێنێت».

یاسا ڕێگە بە ئەنجومەنی وەزیران دەدات، پرۆژە یاسایەک کە خۆی پێشکەشی پەرلەمانی کردبێت، وەریبگرێتەوە، پێش ئەوەی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات، هەروەها یاسایەکیش کە پەرلەمان پەسەندی کرد، حکومەت دەتوانێت داوا لە سەرۆکی هەرێم بکات کە پەسەندی نەکات، یان دوای پەسەندکردنی، پرۆژەیەک پێشکەشی پەرلەمان بکات بۆ هەموارکردنی.

جەمال محەمەد قاسم، پەرلەمانتاری لیستی زەرد، تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە حکومەت نە بۆی هەیەو نە تا ئێستاش لیژنەی پێکهێناوە بۆ پێداچوونەوە بە یاسایەکدا کە پەرلەمان پەسەندی کردبێت.

جەمال محەمەد، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێش گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسا لە پەرلەماندا، حکومەت دەتوانێت پرۆژەکە بکشێنێتەوە، بەڵام یاسایەک کە بڕیاری لەسەردرا لە پەرلەماندا، مومکین نییە حکومەت دەستکاریی بکات.

هەموارکردنی یاسای باری کەسێتیی کە ئێستا لە پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەهۆی پەسەندکردنی بڕگەی فرەژنییەوە ناڕەزاییەکی زۆری لێکەوتووەتەوەو چاوەڕوان دەکرێت دەیان لایەنی پەیوەندیدار داوا لە سەرۆکی هەرێم بکەن یاساکە پەسەند نەکات.

پەخشان عەبدوڵڵا حسەین، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان و ئافرەتانی پەرلەمانی کوردستان، تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە تەنها سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە یاساکە بنێرێتەوە بۆ پەرلەمان و تێبینی لەسەر چەند مادەیەک یان هەموو یاساکە هەبێت و بۆ ڕۆژنامە وتی: «حکومەت ئەگەر یاساکەی بەدڵ نەبێت، دەتوانێت دواتر پرۆژەیەک پێشکەشی پەرلەمان بکات بۆ هەموارکردنی».

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان، سەبارەت بە یاسای باری کەسێتیش ئاماژەی بەوەکرد کە هەر ڕاگرتنێکی یاساکە کارێکی باش نییە، چونکە کاردانەوەی زۆر دەبێت و متمانە لەق دەکات.

# هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ٢٠٠٩/١/٣١ ئەنجام دەدرێت

**ڕێبین فەتاح**

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕایگەیاند: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت.

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەندێک لەپەرلەمانتارانی عێراق، ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە کۆمیسیۆنی باڵا، توانای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نییەو هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام نادرێت، لەبەرامبەریشدا، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، لێدوانی ئەو پەرلەمانتارانەی ڕەتکردەوە کە لەسەر زاری ئەوەوە بڵاویانکردەوەو وتی: «هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە باشوورو ناوەڕاست، لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام دەدرێت.

ڕابیحە حەمەد، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە کە لەناو پەرلەمانی عێراقدا بە شێوەی فەرمیی باس لە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نەکراوەو تا ئێستا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە لە ٢٠٠٩/١/٣١دا هەڵبژاردنەکە ئەنجام دەدرێت.

# ئەمساڵ کێشە بۆ حاجییانی کوردستان دروستدەبێت

**ساڵح ڕەحمان**

پرۆسەی سەفەری حاجییانی کوردستان، لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا بەرەو عەرەبستانی سعودیە دەست پێدەکات، بەهۆی ئەو بارگرژییانەش کە کەوتووەتە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، ئیدارەی بەغدا کێشە بۆ سەفەرکردنی حاجییانی کوردستان دروست دەکات.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، یەکەم وەجبەی حاجییانی کوردستان لە کارمەندو فەرمانبەرانی وەزارەتی ئەوقاف و بەڕێوەبەرێتی حەج و عەمرەی کوردستان پێکدێت، بەمەبەستی کارئاسانیی بۆ حاجییانی کوردستان.

بەپێی بەیاننامەکە، ئەمساڵ هەموو مامەڵەکانی حەجکردن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە دەرئەنجامی بارگرژییەکانی نێوان هەرێم و بەغداش، هەندێ لە بەرپرسانی حکومەتی عێراق، کێشەی جۆراوجۆریان بۆ حەجی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، لە بەیاننامەکەشدا هاتووە «پێشبینی دەکرێت لە سعودیە کێشەی زیاتر بۆ حاجییانی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت».

داواشی لە حاجییانی کوردستان کردووە، لەو ڕووەوە هۆشیاربن و لەبەرامبەر هەر جۆرە کێشەیەکی لەو جۆرەدا، ئارام بگرن.

# «زیانەکانی سووتانی ئەنتیکەخانەی هەولێر دوو ملیۆن دۆلارە»

**ئیبراهیم عەلی**

تا ئێستا زیانە مادییەکانی سووتانی ئەنتیکەخانەی هەولێر، بە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار خەملێنراوەو خاوەنی ئەنتیکەخانەکەش هێزەکانی ئاگرکوژێنەوە بە کەمتەرخەم لەقەڵەم دەدات لە کوژانەوەی ئاگرەکە.

سەعات ٨ی شەوی یەکشەممە، بەهۆی شۆرتی کارەباوە، ئەنتیکەخانەی هەولێر سووتا.

خالیس یونس، کە خاوەنی ئەنتیکەخانەکەیە وتی: «بەداخەوە هێزەکانی ئاگرکوژێنەوە زۆر درەنگ هاتنە شوێنی ڕووداوەکە، ئەمە لەکاتێکدا بنکەی سەرەکی ئاگرکوژێنەوەی خانەقا، کەمتر لەیەک کیلۆمەتر لە شوێنی ڕووداوەکەوە دوورە، جگە لەوەش هێزەکانی ئاگرکوژێنەوە کە هاتن، لێرە زۆر کەمتەرخەمییان کردو ئاویان کەم پێبوو.

ئەو خانووەی کە ئەنتیکەخانەکەی لێبوو، تەمەنی زیاتر لە ١٣٠ ساڵەو خاوەنی ئەنتیکەخانەکە لەو شوێنە لە دایکبووە، ماوەی چوار ساڵە ئەم ئەنتیکەخانەیە دامەزراوەو مۆڵەتی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە.

خاوەنی ئەنتیکەخانەی هەولێر وتی: «کۆکردنەوەی بەرهەمی چل ساڵی من بەماوەی چەند کاتژمێرێک هەمووی لەناو چوو».

لەکاتی ڕووداوەکەدا بێ ئەوەی هۆکارەکەی دیار بێ، هێزەکانی ئاسایش لە خاوەنی ئەنتیکەخانەکە دەدەن، خالیس یونس، لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «یەکێک لە ئاسایشەکان بەناوی (ح، ر) تەحەدای لێکردم، بە بێ بوونی هیچ بیانوویەک بە بۆکس لەمن و کوڕەکەمی دا، زۆریش قسەی ناشرینی پێوتین، بە بەرچاوی بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێرو هێزەکانی زێرەڤانییەوە، ئەم ئاسایشە ئەم کارەی بەرامبەر بە من کرد.

خالیس زیاتر وتی: «زیاتر لە یەک ملیۆن پارچە ئاسارو شتی کۆن لەو ئەنتیکەخانەیە هەبوو کە لە ماوەی چل ساڵدا کۆمکردووەتەوە، کە بە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت، زۆربەی شتەکانی دانسقە بوون و بە پارە بوایە نرخەکەی زۆر گرانبوو، چونکە دەست ناکەون».

# پزیشکە مانگرتووەکان بە دامەزراندنی کاتیی ڕازی نین

**نیاز نایف**

دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان، ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە ڕازی بووبن بەوەی بەشێوەیەکی کاتیی دابمەزرێنرێن و ڕەخنە لە وەزیری تەندروستی دەگرن کە یەکلایەنە بە ناوی ئەوانەوە ئەو بڕیارەی ڕاگەیاندووە.

دوای ئەوەی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی باڵا پێکهات، بە بەشداریی وەزیری تەندروستی، سەرۆکی هەردوو زانکۆی هەولێرو سلێمانی، ڕاگری کۆلێژە پزیشکییەکان، نوێنەری لیژنەی تەندروستی ئەنجومەنی نیشتمانی، ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بڕیار درا بە چارەسەرکردنی کێشەی دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان و دامەزراندنیان بەشێوەیەکی کاتیی.

د. زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی دووبارە پێداچوونەوەیەکیان بۆ بڕیاری دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان کردووە، بڕیار دراوە بە شێوەیەکی کاتیی دایانبمەزرێنین بۆ ماوەی دوو ساڵ و وتی: «هەموو کارمەندێکی نوێ دوو ساڵی یەکەم کاتییە، ئەگەر ئەم دوو ساڵە پابەند بوون بە ڕێنماییەکان و مەرجەکانی تەندروستی و لە هەڵسەنگاندنی ساڵانەدا دەرچوون، ئەوا پاش دوو ساڵ بە شێوەیەکی هەمیشەیی دادەمەزرێن».

ئەوەشی خستەڕوو کە بەپێی مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی، دەبێت ئەو پزیشکانە لەو شوێنانە کار بکەن کە وەزارەت پێویستیەتی، هەروەها خزمەتی نەخۆش بکەن و مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا بکەن و دڵسۆز بن لە کارەکەیاندا.

لە ڕوونکردنەوەیەکیاندا کە بۆ ڕۆژنامەیان ناردووە، دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان، ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە لەگەڵ وەزارەت ڕێککەوتبن لەسەر دامەزراندنیان بە شێوەیەکی کاتیی و تێیدا هاتووە «ئێمە وەک فێرخوازان و تازە دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان، پێمانوایە بڕیاری دامەزراندنی کاتیی هەمان ناوەڕۆکی (گرێبەستەکەیە)و ناو و بەرگێکی تری بەبەردا کراوە».

ئاسۆس قادر، یەکێکە لە ڕێکخەرانی مانگرتنی دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان، ئاماژەی بەوەدا کە لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، نوێنەرانی پزیشکەکان ڕازی نەبوون لەسەر پێشنیازەکانی وەزارەت و وتوویانە ئێمە بڕیار نادەین تاوەکو لە ناوخۆماندا ڕاوێژ نەکەین، بەڵام وەک ئاسۆ وتی: «دواتر پێشنیازەکان کراوەتە بڕیارو لەسەری نووسراوە، لایەنی دووەم لەسەر ئەم بڕیارە ڕەزامەند بوون، لە کاتێکدا ئێمە ڕازی نەبووین بەو بڕیارەو ئەوان خۆیان یەکلایەنە بڕیاریان لەسەر داوە».

ئەو نوێنەرەی خوێندکاران، ئەوەشی خستەڕوو کە خاڵەکان و ناوەڕۆکی بڕیاری دامەزراندنەکەیان هەمان ناوەڕۆکی گرێبەستەکەیە، بۆیە پاش کۆبوونەوەی سەرجەم دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکانی زانکۆکانی هەرێم، هەموویان ئەو بڕیارەیان ڕەتکردووەتەوە.

لە ڕوونکردنەوەکەی خوێندکارە دەرچووەکاندا، ئاماژە بەوەش کراوە کە وەزیری تەندروستی لە لێدوانەکانیدا ڕایگەیاندووە، کە لەگەڵ تازە دەرچووەکاندا گەیشتوون بە چارەسەری کۆتایی، بەڵام ئەوان ئەوە ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن «ئێمە ئەوە ڕادەگەیەنین کە بەهیچ شێوەیەک ڕەزامەندیمان دەرنەبڕیوەو سوورین لەسەر داواکەمان کە بریتییە لە دامەزراندنی هەمیشەیی».

لەلایەن خۆشیەوە وەزیری تەندروستی، هێمای بۆ ئەوەکرد لە میانەی کۆبوونەوەکەیاندا نوێنەرانی پزیشکە مانگرتووەکان کە ١٥ کەس بوون، مەبدەئییەن بە بڕیارەکە ڕازی بوون و وتی: «هەندێک لە خوێندکارەکانی هەولێریش ڕازی بوون بە بڕیارەکە، بەڵام ئەوان خۆیان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و یەک دەنگ نین، هەندێکیان ڕازین و هەندێکیان ناڕازین، ئێمە ناتوانین هەموو ئەوانە ڕازی بکەین».

ئەوەشی خستەڕوو کە بڕیاری کۆتایی لای ئەنجومەنی وەزیرانەو نووسراوەکەیان ناردووە بۆیان، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە کە ڕازین بەو بڕیارە یاخود نا.

www.rozhnama.com
This is trial version
www.adultpdf.com

# ـــه ستراتیژییەکەدا تووشی ئیزدیواجیەت بووە

## دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کورد جەخت لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکاتەوە نەک عێراق

هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدان کە دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کورد جەختیان لەسەر بکاتەوە، لە هەریەک لەم پرسە هەڵپەسێردراوانە ورد ببیتەوە، کۆمەڵێک کێشەی لە ناوخۆیدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە ئێستا کە پرسی پێشمەرگە یەکلایی نەکراوەتەوە، ئایا لەکاتی دروستبوونی پشێوییەک لە عێراقدا، عێراق هێزەکانی پێشمەرگە ناخاتە خانەی میلیشیاکانەوە؟ بێگومان ئەمە ئەگەرێکەو دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

**ڕۆژنامە: پێشتر ئاماژەت بۆ ئەوەکرد کە ئەگەر ڕێککەوتننامەکە ئیمزا نەکرا، چەندین ئەگەر دێنە پێشەوە کە ڕەنگە ڕووبدەن و خراپ بکەونەوە، دەتوانن بەشێک لەو ئەگەرانە دیاری بکەن؟**

* ئەگەر ڕێککەوتننامەکە لەکاتی خۆیدا ئیمزا نەکرێت، ئەگەرو سیناریۆکان دەبێت لەپێش چاو بگیرێن، ئەگەر ڕێککەوتنەکە ئیمزا نەکرێت، پێویستە ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی مۆڵەتی مانەوەی لە عێراق درێژبکاتەوە، ئەمەش ئاسان نییە، چونکە دوورنییە ئەمریکییەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشدا لەگەڵ ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەو ئەنجومەنە ڕووبەڕووی هەندێک کێشەو ناکۆکی ببنەوە، بەتایبەت ڕوسیا کە پێشتر لە مەسەلەی ئۆسیتیاو قەفقازیاو کۆسۆڤۆ کێشەی لەگەڵ ئەمریکییەکان هەبووە، جگە لەوەی چین و فەڕەنساش بەتەواوی هاوڕانین لەگەڵ ئەمریکا، دووریش نییە ئەمریکا ناچار بە کشانەوە بکرێت، ڕەنگە ئەمە سیناریۆیەکی دووربێت، بەڵام لە سیاسەتدا هیچ شتێک موستەحیل نییە، ڕەنگە نەتوانرێت بە ئاسانی ئەگەرو سیناریۆکان دیاری بکرێن، ڕەنگە باڵی سەربازیی کە ئێستا لە بوژانەوەدایە لە عێراقدا، کودەتایەکی سەربازیی بکات یان سیستمێکی مەرکەزیی بگەڕێتەوە بۆ عێراق، یان شیعەکان بە هاوکاریی ئێران بتوانن دەسەڵات بگرنە دەست بەشێوەیەک کە تەواوی هاوکێشەکان تێکبدەن، یان ئەو هێزو لایەنانەی خۆیان لەبەرەی بەرگریکاریدا دەبیننەوە، پشێویی زیاتر بنێنەوە، بەتایبەت لەو شوێنانەی بارودۆخەکانیان لە ڕووی ئەمنییەوە بەتەواوی جێگیر نین.

**ڕۆژنامە: کەواتە لە ئیمزاکردن و نەکردنی ڕێککەوتننامەکەدا ڕووبەڕووی گرفت دەبینەوە، لەوبارەدا کە ئیمزاکردن یان نەکردنی کێشەی تێدا هەیە، ئێوە کام حاڵەت بە باشتر دەزانن و بۆچی؟**

* هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، پێشتر ئاماژەمان بە کێشە هەڵواسراوەکان دا، ڕەنگە بۆ ئێستای کورد ئیمزاکردنەکە باشتر بکەوێتەوە، لە هەر حاڵەتێکدا ڕاگرتنی بارودۆخەکەو دەستگرتن پێیەوە بۆ ئەوەی تێکنەچێت، باشترە بۆ کورد تا کێشە هەڵواسراوەکانی بەتەواوی یەکلایی دەکاتەوە، لە ئێستادا مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بە قازانجی هەرێمی کوردستان دەزانم، نەمانی هێزە ئەمریکییەکان دوورنییە پشێویی زۆری بۆ کورد لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر کێشەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ عێراق بە هەڵپەسێردراوی نەمابوونایەوە، ئەوکات شتێکی تر بوو.

**ڕۆژنامە: بۆچی وڵاتە هەرێمییەکان لەگەڵ ئەوەدان عێراق ڕێککەوتننامەکە ئیمزا نەکات، ئەو مەترسییانە چین کە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە لەسەر ئەو وڵاتانە دروستی دەکات؟**

* بێگومان هەڵوێستی وڵاتە هەرێمییەکان بەرامبەر ڕێککەوتننامەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی هەریەک لەو وڵاتانەوە هەیە لە عێراق و لەگەڵ ئەمریکاشدا، بۆیە کە باس لە هەڵوێستی وڵاتە هەرێمییەکان دەکرێت، دەبێت بۆ پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ عێراق یان پەیوەندییان لەگەڵ پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بگەڕێینەوە، دیارە هەڵوێستی ئێران و سوریا دژ بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق و لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەشدا نین، ئەمەش پەیوەندیی بە دوو خاڵەوە هەیە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئێران و سوریا لەناو نەخشەی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدان بەوەی کە دەبێت گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، دووەمیان بەنیسبەت ئێرانەوە ئەو وڵاتە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ عێراق و هێزە شیعەکانی عێراقدا هەیە، ئەمریکییەکانیش باش ئەوە دەزانن کە ئێران کاریگەرییەکی زۆر لەسەر عێراق دادەنێت، بۆیە ئەو ناکۆکییەی لە مەسەلەی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەدا هەیەو ئیمزاکردنەکەش دواکەوتووە، دەستی ئێران لەو مەسەلەیەدا بە ڕوونی دیارە. ئێرانیش لەڕووی ئایدیۆلۆژیی و مەبدەئییەوە دیسانەوە کێشەی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، دیارە کە ئێرانییەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە ڕێککەوتننامەکە بە جۆرێک بکەوێتەوە کە زۆرترین بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەناویدا جێگیر ببێت، بەشێک لە ئێرانییەکان بە باشی دەزانن ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە بکەوێتە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاوە (کەوتە دوای هەڵبژاردنەکەوە)، ئەمەش لەبەرئەوەی کاریگەری لەسەر دەنگدەران هەیەو بە هەر جۆرێک بێت ئێرانییەکان پێیانوایە دیموکراتەکان نەرمترو کراوەتر دەڕواننە کێشەکانی پەیوەندیدار بە ئێرانەوە. هەرچی پەیوەندیی بە سعودیەو وڵاتانی دیکەشەوە هەیە، لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەش، ئەمە ئاشکرایە ئەو وڵاتانە مەترسیی ئەوەیان هەیە هێزە شیعەکان لە عێراق دەسەڵات بگرنە دەست و سوننەکان لاوازبن، تورکیاش وەک دەردەکەوێت مەسەلەی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەی زۆر بە گرنگ وەرنەگرتووە، ئەوەی تورکیا جەختی لەسەر دەکاتەوە ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستانە.

# بۆچی پێویستە هەندێک لە بەرپرسەکانی کەرکوک دەستلەکار بکێشنەوە؟

**لەتیف فاتح فەرەج**



بە هەموو پێوەرێک کەرکوک پێویستی بە گۆڕانکارییە، گۆڕانکاری لەو بەرپرسانەی کە ماوەی چەندساڵێکی خشتەلەسەرکورسییەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردن دانیشتوون، ئێمە چەندینجار قسەمان لەوە کردووە کە پێویستە بەشێک لەو بەرپرسانە خۆیان بڕیاری دەستلەکارکێشانەوە بدەن و بوار بۆ ئەوانی تر خۆش بکەن، ڕەنگە «٥» ساڵ کارکردن ئەزموونێکی باش بێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لەوە تێبگات کەسێکی سەرکەوتووە یان نا، لەماوەدای ئەم «٥» ساڵەدا دەبوایە کورد دەستپێشخەری بکردایە لە گۆڕینی بەرپرسەکانی خۆیدا، تا ئەمەش ببوایەتە نەریتی بەڕێوەبردنی کەرکوک لای ئەوانی دیکە، بەڵام گرفت ئەوەیە کەم کەس دەیەوێت دان بە کەموکوڕی خۆیدا بنێت، کەم کەسیش هەن بۆ خۆیان بڕیاری بەجێهێشتنی کورسییەکە بدەن، لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە هاوڵاتییانی کوردی شارەکە، خوازیاری ئەوەن یەکێتی و پارتی لە کەرکوکدا دەستپێشخەری گۆڕینی دەموچاوەکان بن، لە ماوەی ڕابردوودا لەسەر گۆڕینی دەم و چاوەکان وتم ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی باشی دیموکراسییانە، گەر کورد کاری لەسەر بکات، دیارە شێوازی هێمنانە بۆ جێهێشتنی کورسی دەسەڵات لە وڵاتی ئێمە، هێشتا نەبووەتە کاری بەرپرسانی ئەم وڵاتە، بۆیە بەرپرسان کەمترین خۆشەویستی جەماوەر لە بواری کارکردندا بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن، دەشێ لەمەودای کارکردندا کەسێک خۆشەویستی خەڵکێک مسۆگەر بکات، ئەمە ئەگەر بەر لە لەدەستدانی ئەو خۆشەویستییە خۆی بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەی بدات، ئەوە ئەو بەرپرسە دەتوانێت بە ئاسوودەیی و دوور لە دڵەڕاوکێ جارێکی دیکە تێکەڵ جەماوەرەکەی بێت، لە کەرکوکدا هەندێک کاری ناجۆرو خراپ کراون کە بەرپرسانی کەرکوک لێی بەرپرسیارن، خراپی زۆرێک لە پرۆژەکانی ڕێگەوبان، یاریکردن بە سامانی نەوت و گازەوە، ململانێی حیزبایەتی و زۆرترین خانووی تەجاوزی بەرپرسەکان، ئەمانەو سەدان کاری ناجۆری دیکە، بەرپرسانی شار لێی بەرپرسیارن نەک هاوڵاتییان، ئێمە زیاتر لە دوو ساڵە دەرگای بەرپرس نەماوە نەیکوتین بۆ ئەوەی لانیکەم کتێبخانەی گشتی کەرکوک لە کۆت و بەندی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک ڕزگار بکرێت، کەس نییە گوێ بگرێت، دەیان جار قسەمان لەسەر دیاردەیەکی نەشیاو کردووە، بەڵێنی ئەوە دراوە لەمەودای ٢٤ سەعات چارەسەر بکرێت، کەچی بیست و چوارەکە بووە بە مانگ و گرفتەکە وەک خۆی بووە، بە بڕوای من هەندێجار دەستلەکارکێشانەوە بەر لە دەرکردن و دوورخستنەوەو لەسەر کار لادان، جۆرێکە لەسەروەری، تێناگەم بۆچی بەرپرسانی کورد سەرەڕای ئەوەی کە زۆریشیان حەز لە سەروەرییە، نایانەوێت بەوکارە هەستن!! کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە کارکردن لە کەرکوک ئەستەمەو کەم کەس خۆی لێدەدات، ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە بەردەوام کورسییەکان لەسەر چەند کەسێک تاپۆ بن، دەست لەکار کێشانەوە هیچ نەکات ئەو تاپۆکارییە بەتاڵ دەکاتەوە، ڕەنگە ئەم داوایەی من بەشێکی بۆ ئەوەش بگەڕێتەوە کە ئێستا خەڵکانێک هەن خۆیان نقومبووی هەڵەن، کەچی دەرگای دادگا نیشانی بەرپرسانی کەرکوک دەدەن، هەڵبەتە دەست لەکار کێشانەوەو جێهێشتنی لە نیشاندانی دەرگای دادگا باشترە..

# ـــه بۆچی زوو موافەقەی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی کرد


سەعدی ئەحمەد پیرە

کە لە ڕاستیدا دوکەڵەکەی چوو بە چاوی خەڵکی بێچارەو جوتیاری ناوچەکەدا، هەربۆیەش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە بە قازانجی کوردە.

**ڕۆژنامە: ئەوە نیشانەی کێشە نییە لەنێوان کوردو لایەنەکانی دیکەی عێراقدا، کە تەنها کورد ئەو ڕێککەوتننامەیەی بەلاوە باشە؟**

* کورد هیچ کێشەیەک یان ناکۆکییەکی نەتەوەیی لەگەڵ عەرەب یان تورکمان نییە لە عێراقدا، کێشەی ئێمە کێشەیەکی سیاسییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدام و بۆ ئەو کەسانەی کە لە حیزبەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کە خوویان بەو بیرکردنەوەیەوە گرتووەو هەمیشە ئامادەی شەڕن، ئەگەر یەک تەنگژەی بچووک ڕووبدات، هەر بۆ نموونە ئەو پەرلەمانتارانە لەکاتی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان چەند بە زوویی لە دەوری بەعسییەکان کۆبوونەوە، بۆیە بوونی هێزێک و ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی لەمجۆرە، یەکێکە لەو گرەنتییانەی کە ڕێگر دەبێت لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی مرۆیی وەک ئەنفال و کیمیاباران و گۆڕی بەکۆمەڵی کوردەکان، هیچ کەس ناتوانێت گلەیی لە کورد بکات کە بۆچی زوو موافەقەی کرد، بەڵێ ئێمە مارانگەستەین، ئەزموون و مێژوویەکی خراپمان هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق، پێویستمان بە گرەنتی هەیە بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو کارەساتانە.

**ڕۆژنامە: ئەی ئەگەر ڕێککەوتننامەکە ئیمزا نەکرا، چی ڕوودەدات؟**

* لەوکاتەدا دوو حاڵەت هەیە؛ لە حاڵەتی یەکەمدا ئەوەیە کە سوپای ئەمریکا لە عێراقدا بمێننەوەو بڕیاری ١٤٥٣ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان درێژ بکرێتەوە، واتە ئەوان داگیرکەرو ئێمە داگیرکراو، لەوکاتەدا بڕیاری ١٧٩٠ لەمەڕ مادەی ٧ی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ شەش مانگ درێژدەکرێتەوە، ئەوەش واتە عێراق دەسەڵاتی نامێنێت بەسەر ئاسمان و زەوی و ئاوی خۆیداو تەنانەت دەسەڵاتی بەسەر دارایی خۆیشیدا نامێنێت.

لە حاڵەتی دووەمدا ئەگەر ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی خۆی بدات، ئەوە خۆتان ئامادەبکەن بۆ شەڕێکی ئەهلی لەنێوان شیعە لەگەڵ شیعەو شیعە لەگەڵ سوننە، واتە حاڵەتێکی وەک لوبنانی پێشوو لە عێراق دروستدەبێت.

**ڕۆژنامە: ئەوکات کورد لەو شەڕە ناوخۆییەدا بەشدار دەبێت یان دوورەپەرێز دەبێت؟**

* خۆ تۆ لەنزیک ئاگر بیت پریشکت بەردەکەوێت.

**ڕۆژنامە: ئەوکات وەک پێشوو کە باستکرد، خاکی عێراق و کوردستان بەتایبەتی نابێتە گۆڕەپانی وڵاتانی دراوسێ؟**

* ئەوە مانای ئەوەیە کە تۆ هەنگاوێکی زیاتر لە ئێستا ڕۆیشتی.

**ڕۆژنامە: ئۆباما چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیە، ئایا وەک ڕابردوو کە دژایەتی شەڕی عێراقی کردووە، هێزەکانی ئەمریکا لە زووترین هەلدا دەکشێنێتەوە؟**

* ئەمریکا وڵاتی ڕێکخراوەکانەو سەرۆک کۆمار بە تەنها بڕیار نادات، لەو وڵاتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە کە چەندین دامەزراوەی گرنگی ئەمریکا تێیدا ئەندامن، بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندییان بە سیاسەتی دەرەوە هەیە، ڕەنگە بوونی ئۆباما ببێتە هۆی گۆڕینی میتۆد لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە، بەڵام سیاسەتی ئەمریکا لەسەرەوە بۆ خوارەوە ناگۆڕێت. من پێموایە پێویست ناکات نیگەران بین، بەپێچەوانەوە ئەوە سەرەتایەکی نوێیە، چونکە دروشمی ئەو گۆڕانکارییە بوو.

## خاڵە ناکۆکەکانی نێوان بەغداو واشنتۆن زۆر ناجەوهەریین

This is trial version
www.adultpdf.com

# ئەمین فەرەج، مامۆستای زانکۆ لە بواری یاساو رامیاریی: کورد لە باسکردنی رێککەوتننام

**سازدانی: رێبین فەتاح**

**ئەمین فەرەج لەوبڕوایەدایە ئەمریکا پێویستی بە مانەوەیە لە ناوچەکەدا، بەتایبەت کە عێراق لە رووی ئابوورییەوە بایەخی بۆ ئەمریکا هەیەو هاوسنووریشە لەگەڵ ئێرانو سوریاو تورکیاو وڵاتانی کەنداو.**

**هەر لەو روانگەیەی سەرەوە ئەمین، کە مامۆستای یاساو رامیارییە لە زانکۆی سەلاحەدین، پێی وایە، هەر بەرژەوەندییەک لە رێککەوتننامەکەدا بۆ عێراق هەبێت، پشکێکی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، هەر زیانێکیش هەبێت دیسانەوە هەرێمی کوردستان پشکی تێدا دەبێت، بەدووریشی نازانێت پاساوی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بۆ رازیبوون لەسەر رێککەوتننامەکە، لەبەرچاوگرتنی لایەنی مێژوویی کوردو عەرەب بێت.**

**لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا، مامۆستاکەی زانکۆی سەلاحەدین، دەڵێت: کورد لە باسکردن لە رێککەوتننامەکەدا تووشی جۆرێک لە ئیزدیواجیەت بووە، کاتێک سەرکردایەتیی کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رێککەوتننامەکە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەپارێزێت.**

**رۆژنامە: بەشێک لە چاودێرە سیاسییەکان، وەک حاڵەتێکی ئاسایی خوێندنەوە بۆ رێککەوتننامەی ستراتیژی ئەمریکاو عێراق دەکەن، بەشێکی دیکەشیان بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، ئێوە چ بۆچوونێکتان هەیە لەبارەی ئەم رێککەوتننامەیەوە؟**

* رێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان ئەمریکاو عێراق بابەتێکی زۆر هەستیارە بەنیسبەت ئێستاو ئایندەی عێراقو ناوچەکە بە گشتی، چونکە رێککەوتننامەکە تایبەتە بە دیاریکردنی بارودۆخی سیاسیو یاسایی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بەتایبەت کە ماوەی مانەوەی یاسایی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ١٢/٣١ی ئەمساڵدا کۆتایی پێدێت، واتە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تا کۆتایی ئەمساڵ مۆڵەتی مانەوەی بە هێزەکانی ئەمریکاو فرەرەگەزەکان لە عێراق داوە، بۆیە ئەمریکییەکان لەگەڵ عێراق لە گفتوگۆدان بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ مانەوەی هێزەکانیان لە عێراقدا. هەستیاریی پرسەکەش لەوەدایە ئەمریکا کە هاتووەتە ناوچەکە، پرۆژەیەکی هەیەو بۆ ئەوە نەهاتووە بە زوویی بگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان خاوەن پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕستی گەورەیەو عێراقیش دڵی ئەو ناوچەیەیە، بۆیە ئەمریکا پێویستی بە مانەوەیە لە ناوچەکەدا، بەتایبەت کە عێراق لە رووی ئابوورییەوە بایەخی بۆ ئەمریکا هەیەو هاوسنووریشە لەگەڵ ئێرانو سوریاو تورکیاو وڵاتانی کەنداو، هەموو ئەو وڵاتانەش پەیوەندییان هەیە بە پرۆژەکەی ئەمریکاو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە زلهێزە.

**رۆژنامە: بەپێی ئەو رەشنووسەی رێککەوتننامەکە کە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دزەی کردووە، رێککەوتننامەکە باس لە هەرێمی کوردستان ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە سەرەتاوە رەزامەندیی لەسەر رێککەوتننامەکە نیشانداوە، چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەم هاوکێشەیە؟**

* رێککەوتننامەکە لەنێوان دوو دەوڵەتی ئەمریکاو عێراقدا مۆردەکرێت، هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، بەشێوەیەکی گشتی هەر بەرژەوەندییەک لە رێککەوتننامەکەدا بۆ عێراق هەبێت، پشکێکی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، هەر زیانێکیشی هەبێت دیسانەوە هەرێمی کوردستان پشکی تێدا دەبێت، رەنگە پاساوی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بۆ رازیبوون لەسەر رێککەوتننامەکە، لەبەرچاوگرتنی مێژووی کوردو عەرەب بێت، بەوهۆیەوە کە ئێمە لە سەرەتاوە کێشەمان لەگەڵ کیانەکانی دیکەدا هەیە، بۆیە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد رەنگە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بە گرنگ بزانێت بۆ پاراستنی ئەو مافانەی لە هەرێمی کوردستاندا بەدەست هاتوون، چونکە تا ئێستا قەیرانی متمانە لەنێوان کوردو کوتلە سیاسییەکانی دیکەی عێراقدا هەیە، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش وا تەماشای هاوکێشەکە دەکات کە مانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراقدا، بەشێک لە مەترسییەکان کەم دەکاتەوە، بەتایبەت کە ئیمزانەکردنی رێککەوتننامەکە چەند ئەگەرێکی بەدوادا دێت، کە رەنگە هەندێک لەو ئەگەرانە خراپ بکەونەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتێکی وەهادا بە سادەیی تێپەڕێنرێت، راستە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان لە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا هەیە، بەڵام ناوەرۆکی رێککەوتننامەکە گرنگەو دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئەو خاڵانە چین لە رێککەوتننامەکەدا زیانیان لەسەر ئایندەی کورد لە ناوچەکەدا هەیە، پێویستە سەرکردایەتیی کورد ئاگاداری ئەوە بێت کە رەنگە بەندی وا بخرێتە ناو رێککەوتننامەکەوە کە بۆ ئێستاو داهاتووی هەرێمی کوردستان مەترسیدار بێت، کورد دەبێت لەوە بپرسێت کە ئایا دەستکراوەیی ئەمریکا لە عێراقدا، لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، لەکاتێکدا هەندێک لە کوتلە عێراقییەکان دژی دەستکراوەیی هێزە ئەمریکییەکانن، دەبێت ئەوەمان لەبیربێت کە لە ساڵانی رابردوودا هێزە ئەمریکییەکان بوون بەشەناخۆیی خەیروڵڵا عەبدولکەریمیان لە شاری هەولێر گوللەباران کرد، هەر ئەو هێزانە هەڵیانکوتایە سەر بارەگای کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر بەبێ گەڕانەوە بۆ ئاسایشی ناوچەکەو سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان، چەند جاریش هەڵیانکوتاوەتە سەر هاوڵاتییانو مردنیشی لێکەوتووەتەوە، هەموو ئەو حاڵەتانە دەمانگەیەننە ئەوەی کە لەگەڵ سنووردارکردنی دەسەڵاتی هێزە ئەمریکییەکاندا بین لە عێراقو هەرێمی کوردستاندا. کورد دەبێت ئەوە بزانێت لە سیاسەتدا کاتێک شتێک بە بەرامبەرەکەت دەبەخشیت، دەبێت بەرامبەرەکەت شتێک بە تۆ ببەخشێت، بەڵام کاتێک ئێمە سەخاوەتمەندانە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا دەکەین، ئەمریکا چی بۆ کورد دەکات، ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەبێت بیری لێ بکرێتەوە.

**رۆژنامە: سەرکردایەتیی سیاسیی کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رێککەوتننامەکە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەپارێزێت، ئەم پەیامە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە؟**

* کورد لە باسکردن لە رێککەوتننامەکەدا تووشی جۆرێک لە ئیزدیواجیەت بووە، کاتێک سەرکردایەتیی کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رێککەوتننامەکە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەپارێزێت، وا دەردەکەوێت کە کورد لە هەمووان عێراقیتر بێت، لەکاتێکدا سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دەبێت جەخت لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، نەک بەرژەوەندییەکانی عێراق، چونکە ئەوە دەوڵەتی عێراقە کە دەبێت جەخت لەسەر بەرژەوەندییەکانی عێراق بکاتەوە، لەکاتێکدا کورد چەندین کێشەی گەورەی هەڵپەسێردراوی هەیە، وەک کێشەی دیارینەکردنی سنوور، کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، کێشەی هەڵبژاردنەکان، کێشەی بودجە، کێشەی نەوتو دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، کێشەی پێشمەرگە، ئەمانە ئەو کێشە گرنگانەی نێوان حکومەتی


ئەمین فەرەج شەریف
– ساڵی ١٩٧٥ لەدایکبووە.
– بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین.
– بەکالۆریۆس لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی.
– ماجستێر لە زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین.
– مامۆستا لە کۆلێژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەدین.

# سەعدی ئەحمەد پیرە: هیچ کەس ناتوانێت گلەیی لە کورد بکات ک

**سازدانی: محەمەد کەریم**

**سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت: بوونی هێزێکو ئیمزاکردنی رێککەوتنێکی ستراتیژی، یەکێکە لەو گرەنتییانەی کە رێگر دەبێت لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی مرۆیی وەک ئەنفالو کیمیابارانو گۆڕی بەکۆمەڵی کوردەکان، هیچ کەس ناتوانێت گلەیی لە کورد بکات کە بۆچی زوو موافەقەی کرد، بەڵێ ئێمە مارانگەستەین، ئەزموونو مێژوویەکی خراپمان هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق، پێویستمان بە گرەنتی هەیە بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو کارەساتانە.**

**سەعدی پیرە لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا لەوبڕوایەدایە یەکێک لە هۆکارەکانی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە پارێزگاریکردنی عێراقە لە دەستێوەردانو سنووربەزاندنی بێگانە، چونکە تا ئێستا کوردستانو عێراق ببوونە یەکێک لەو گۆڕەپانانە کە هەر رۆژەو بە بۆنەو بێ بۆنە تورکیا یان ئێران هاتوونەتە ناوەوە کە لە راستیدا دوکەڵەکەی چوو بە چاوی خەڵکی بێچارەو جوتیاری ناوچەکەدا، هەربۆیەش ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە بە قازانجی کوردە.**

**رۆژنامە: ئەو خاڵانە لەو رێککەوتننامەیەدا چین کە کورد پێیان رازییەو شیعەو سوننە لەدژی وەستاونەتەوە؟**

* هەندێک لەو خاڵانەی کە لەنێوان بەغداو واشنتۆن جێی کێشەن، بۆتان هەژمار دەکەم کە هەمووان بزانن ئەو جیاوازییانە چەند ناجەوهەرین، یەکێک لەو خاڵانە مەسەلەی وەرگێڕانە، بەغدا پێیوایە ئەو وەرگێڕانە کە بۆی کراوە ورد نییە، کە لە راستیدا هیچ گرنگ نییەو دەکرێت وەرگێڕێکی یاسایی بهێنیت تا بە باشترین شێوە بۆت وەربگێڕێت، خاڵێکی دیکە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراقدا، کە نووسراوە لە کۆتایی کشانەوە دەستپێدەکات لە ٢٠١١/١٢/٣١، ئەگەر حکومەتی عێراق داوای مانەوەی نەکرد، ئەوان پێیانوایە ئەو ئەگەرە دەبێت لاببرێت، خۆ ئەگەر نووسرابێت یان نەنووسرابێت، عێراق هەر داوای مانەوەیان دەکات.

بەشێکی دیکە کە پەیوەندی بە لایەنی یاساییەوە هەیە، پێمواننییە ئەمریکا لەوە زیاتر موافەقە بکات، ئەو گفتوگۆیانەی کە دەکرێت تا ئێستا لەسەر موافەقەکردنو موافەقە نەکردن، پەیوەندی بە جەوهەری رێککەوتننامەکەوە نییە، بەڵکو کێشەکەی ئەوەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەیە، حیزبەکانی ناوەڕاستو باشوور وەک هاوپەیمانێتی کوردستان نین کە هاوپەیمانێکی پتەویان هەبێتو بە کۆی دەنگ بڕیار لەسەر شتێک بدەن، لەو کاتانەدا دەبنە چەند پارچەو چەند دەنگێک.

لەلایەکی دیکەوە جگە لە رەوتی سەدر، هیچ لایەنێک بە رەسمی دژی رێککەوتننامەکە نەوەستاوەتەوە، ئەوانی دیکە تا ئێستا نەیانوتووە کە ئێمە دژینو هەموو دەڵێن گۆڕانکاریی بکرێت، ئەگەری ئەوەی کە کاریگەری لایەنی دەرەکییان لەسەر بێت زۆرە، بۆ نموونە کەمو زۆر کاریگەری ناکۆکیی نێوان ئێرانو ئەمریکا لەسەر رووداوەکان بەرچاو دەکەوێت. ئەنجومەنی وەزیرانیش کۆبوونەوەی دەبێت لەسەر ئەو وەڵامەی کە لە ئەمریکاوە هاتووەتەوە، بەڵام گفتوگۆی بەردەوام هەیە لە سەرۆکایەتیی کۆمار سەبارەت بەو رێککەوتننامەیە.

**رۆژنامە: ئایا قسەکانی سەرۆکی هەرێم لە واشنتۆنو سەرۆک کۆمار لە تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبییە نیشانەی جیاوازیی رای ئەو دوو سەرکردەیەی کورد نییە؟**

* من پێموایە قسەکانی کاک مەسعود لە واشنتۆن بە تەواوەتی نەگوازراوەتەوە بەوشێوەیەی کە قسەی کردووە، کاک مەسعود باس لە مەترسیی ئیمزانەکردنو خاڵە باشەکانی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە دەکات، ئەو رێککەوتننامەیە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی راوەستاوە:

١- حکومەتی ئەمریکا لە بەرامبەر هێرشی دەرەکی، بەرگریی لە عێراق دەکات.


٢- ئەمریکا کۆمەکی عێراق دەکات بۆ پاراستنی نیزامی سیاسی کە بریتییە لە نیزامی فیدراڵی، پەرلەمانی، فرەحیزبی.

٣- ئەمریکا پشتگیریی عێراق دەکاتو یارمەتی دەدات بۆ داگیرانی لەژێر بەندی ٧ی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان.

بەوشێوەیە بەدڵنیاییەوە قازانجی کورد لەوەدایە کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقو هەرێمی کوردستاندا بمێننەوە.

**رۆژنامە: پێتوانییە بە راستی کورد هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەو رێککەوتننامەیە هەرزانفرۆش کرد؟**

* هەندێک لە ماڵپەڕو رۆژنامەکان لە رووی سیاسییەوە زۆر زیادەڕۆییان کردووە، ئێمە دوو هۆکارمان هەیە: یەکێکیان ئەوەیە کە دەبێت سیستمی حکومەتی ئێستای عێراق کە سیستمێکی فیدراڵە، پارێزراو بێت کە راستەوخۆ بەرژەوەندییەکانی ئێمە دەگرێتەوە، دووەم، پارێزگاریکردنی عێراق لە دەستێوەردانو سنووربەزاندنی بێگانە، چونکە تا ئێستا کوردستانو عێراق ببوونە یەکێک لەو گۆڕەپانانە کە هەر رۆژەو بە بۆنەو بێ بۆنە تورکیا یان ئێران هاتوونەتە ناوەوە،



This is trial version
www.adultpdf.com

# بازرگانی نێوده‌وڵه‌تی ئازادو پاراستنی به‌رهه‌می ناوخۆ

فاروق حسێن محه‌مه‌د




وەرگیراوە بە دەستکارییەوە

راسته‌و هه‌قی خۆیه‌تی سه‌ره‌تا خه‌م له به‌کاربه‌ر بخورێت‌و ئه‌و ٨ مافه‌ی به‌کاربه‌ر که نه‌ته‌وه‌یه‌ككگرتووه‌كان‌و كۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی بڕیاری لێداون، بۆی دابین بكرێت، به‌ڵام جگه له به‌كاربه‌ر، به‌رهه‌مهێنه‌رو به‌رهه‌می نیشتمانیش پێویستی به پاراستن هه‌یه‌و به‌شێوه‌یه‌كی راسته‌وخۆ ئاكامی ئیجابی له‌سه‌ر گه‌شه‌پێدانی ئابووری‌و ناڕاسته‌وخۆ له‌سه‌ر به‌كارهێنه‌ر ده‌بێت.

بۆچوونێكی هه‌ڵه‌ش هه‌یه بۆ بازرگانی ئازادو هه‌لومه‌رجه‌كانی بوون به ئه‌ندام له ڕێكخراوه‌ی بازرگانی نێوده‌وڵه‌تی، كه گوایا سنوور ده‌بێت كراوه‌بێت له‌به‌رده‌م كالاو به‌رهه‌مه‌كانی بێگانه‌دا (رسوماتی گومرگی نه‌مێنێت)، به‌رهه‌می ناوخۆو نیشتمانیش به‌تایبه‌تی له وڵاتانی تازه‌پێگه‌یشتووی وه‌ك عێراقدا، به‌دڵنیایی ناتوانێت مونافه‌سه بكات‌و له ئاكامدا به‌رهه‌می ناوخۆ له‌ناوده‌چێت. به‌ڵام له راستیدا هه‌موو حكومه‌تێك بۆی هه‌یه كه له چوارچێوه‌ی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانیدا هه‌ر سیاسه‌تێك په‌یڕه‌و بكات بۆ پاراستنی به‌رهه‌مه‌كانی ناوخۆ، رسوماتی گومرگی بخاته سه‌ر به‌رهه‌می بێگانه‌كان، سیستمی چات‌و ڕێكخراوه‌ی بازرگانی نێوده‌وڵه‌تی، خۆیان شێوازو ئالیات پێشنیاز ده‌كه‌ن بۆ پاراستنی به‌رهه‌می ناوخۆ.

ئه‌و دیارده‌یه‌ی كه له بازاڕه‌كانی هه‌رێمی كوردستاندا به‌دی ده‌كرێت كه بووه‌ته مایه‌ی لاوازبوونی به‌رهه‌می ناوخۆ، به‌شێكی له ئاكامی پاڵپشتیكردنی وڵاتانی دراوسێیه (سوریا، ئێران‌و توركیا)، له به‌رهه‌مه ناوخۆییه‌كانی خۆیان‌و سیاسه‌تی پاڵپشتیكردنیان له هه‌ناردنه ده‌ره‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌كانیان بۆ ناو عێراق، جا بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ئه‌و حاڵه‌ته ڕێدراوه كه سیاسه‌تی قه‌ڵاچۆكردنی ئیغراق كه به (unfair trade) ناسراوه‌و ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی پاڵپشتی نرخی هه‌نارده كه به (countervailing measures) ناسراوه، په‌یڕه‌و بكه‌یت، به‌ڵام له هه‌مانكاتیشدا ناتوانین بڵێین كه ئه‌وه ته‌نها هۆكاری شكستهێنانی به‌رهه‌می ناوخۆیه له مونافه‌سه‌ی به‌رهه‌می بێگانه‌دا.

به‌پێی یاساو ڕێساكانی بازرگانی له جیهاندا، ڕێدراوه به كه‌رتی تایبه‌ت كه سكالا پێشكه‌ش بكات له‌دژی هه‌ر به‌رهه‌مێكی بێگانه كه دێته ناو وڵات‌و زه‌ره‌ر له به‌رهه‌مه‌كانی ده‌دات، به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا له‌دژی هه‌ناردەی ستیلی ئه‌وروپی‌و میسر له‌دژی شیشی ئاسنی بیناسازیی توركیاو میسر له‌دژی هه‌ناردەی پترۆكیمیاویاتی سعودی كه سعودیه پاڵپشتی لێده‌كات، نموونه‌ی زیندوون.

به‌ڵام بۆ هه‌ر ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌یه‌ك له‌دژی به‌رهه‌می بێگانه، ده‌بێت ڕه‌چاوی ئه‌م ٣ بنه‌مایه بكرێت كه ڕێكخراوه‌ی بازرگانی نێوده‌وڵه‌تی دایناوه:

١- نرخی ئاسایی (Normal Value):

مه‌به‌ست له فلودینگ (ئیغراق) ئه‌وه نییه كه نرخی به‌رهه‌می هاورده كه‌متربێت له نرخی به‌رهه‌می ناوخۆ (ئیتر نرخی به‌رهه‌می ناوخۆ هه‌رچه‌ند بێت)، به‌ڵكو به‌و حاڵه‌ته ده‌وترێت كه نرخی به‌رهه‌می هاورده له نرخی ئاسایی خودی به‌رهه‌مه‌كه كه‌متربێت، جا ئه‌مه‌ش كاتێك ده‌رده‌كه‌وێت كه:

• نرخی فرۆشتنی ئه‌و به‌رهه‌مه له وڵاتی خۆی له‌وه زیاتربوو.

• یان نرخی فرۆشتنی ئه‌و به‌رهه‌مه له هه‌ر وڵاتێكی تر له‌وه زیاتربوو.

• یان نرخی ئه‌و به‌رهه‌مه هاورده‌یه كه‌متربوو له‌بری تێچوونی به‌رهه‌مهێنانی،

ئه‌وكاته بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت كه نرخی به‌رهه‌مه هاورده‌كه كه‌متره له ئاسایی‌و ئه‌وكاته بۆمان هه‌یه وه‌ك نرخی ئیغراق ته‌ماشای بكه‌ین‌و دژی بوه‌ستین.

٢- جیاوازیی له‌نێوان نرخی ئیغراق‌و پاڵپشتی لێكراو:

بۆ جیاكردنه‌وه‌ی فرۆشتنی به‌رهه‌مێكی هاورده به نرخی ئیغراق له نرخی پاڵپشتی لێكراو، ئه‌وه‌یه كه نرخی ئیغراق (flooding)ه ئاكامی سیاسه‌تی كه‌رتی تایبه‌ت‌و كۆمپانیاكانی ئه‌و وڵاته‌یه كه به‌رهه‌مه‌كانی لێوه هاتووه، به‌ڵام به نرخی پاڵپشتی لێكراو له ئاكامی سیاسه‌تی حكوماته‌كانه كه پاڵپشتیی كۆمپانیاكان ده‌كه‌ن له نرخی هه‌نارده وه‌ك هاندانی هه‌ناردنه ده‌ره‌وه‌ی به‌رهه‌م.

٣- زه‌ره‌رلێكه‌وتن (Injury):

ده‌بێت هۆكاری ئه‌و زه‌ره‌ره‌ی كه ده‌كه‌وێت له هه‌ر به‌رهه‌مێكی ناوخۆ بزانرێت، چونكه چه‌ندین هۆكار هه‌یه وابكات كه به‌رهه‌مێكی ناوخۆ نه‌توانێت مونافه‌سه‌ی به‌رهه‌می بێگانه بكات (خراپیی ئیداره‌ی كارگه، په‌ینه‌بردن به ته‌كنیكه نوێیه‌كانی به‌رهه‌مهێنان... هتد)، ته‌نها له یه‌ك حاڵه‌تدا كه‌رتی تایبه‌ت بۆی هه‌یه سكالا به‌رزبكاته‌وه له‌دژی به‌رهه‌می هاورده، كاتێك بسه‌لمێت كه راسته زه‌ره‌ری كردووه‌و پاشانیش بسه‌لمێت كه زه‌ره‌ره‌كه‌ی ته‌نها له‌به‌ر بوونی به‌رهه‌می هاورده‌یه به نرخی ئیغراق‌و پاڵپشتی لێكراو، هه‌روه‌ها سكالای یه‌ك به‌رهه‌مهێنه‌ری ناوخۆ وه‌رناگیرێت تا زۆربه‌ی ئه‌و به‌رهه‌مهێنه‌رانه‌ی هه‌مان به‌رهه‌می ناوخۆ، هه‌مان سكالایان ده‌بێت. كه‌رتی تایبه‌ت‌و كۆمپانیا بۆی نییه سكالا بكات له‌و زه‌ره‌ره‌ی كه لێی ده‌كه‌وێت به‌هۆی هاورده‌وه به گشتی، به‌ڵكو ده‌بێت زه‌ره‌ره‌كه ته‌نها له ئاكامی هاورده‌كردنی هه‌مان ئه‌و به‌رهه‌مه بێت كه به‌رهه‌می ده‌هێنێت.

وڵاتانی جیهان هه‌ریه‌ك به‌پێی سیستمی ئابووریی خۆی، سیاسه‌تی پاراستنی به‌رهه‌می ناوخۆ په‌یڕه‌و ده‌كه‌ن له‌دژی ئیغراق‌و مونافه‌سه‌ی ناهاوسه‌نگ، له‌وانه‌ش:

• پاڵپشتی راسته‌وخۆو گرتنه ئه‌ستۆی به‌شێك له كولفه‌ی به‌رهه‌مهێنان.

• كڕینه‌وه‌ی چه‌ند جۆرێكی تایبه‌ت له به‌رهه‌مه ناوخۆییه‌كان (وه‌ك كڕینه‌وه‌ی گه‌نم‌و جۆو خورما كه عێراق په‌یڕه‌وی ده‌كات).

• ده‌ركردنی یاسای پاراستنی به‌رهه‌می ناوخۆو ده‌ركردنی ڕێنمایی تایبه‌ت به قه‌ده‌غه‌كردنی هاورده‌كردنی هه‌ر به‌رهه‌مێكی بێگانه به‌شێوه‌یه‌كی كاتی.

• زیادكردنی رسوماتی گومرگی له‌سه‌ر به‌رهه‌می هاورده.

• پاڵپشتی‌و هاندانی هه‌نارده‌كردنی به‌رهه‌می ناوخۆ.

له‌گه‌ڵ ئه‌مانه‌شدا ده‌بێت به‌رده‌وام به‌رهه‌می ناوخۆ له پێشكه‌وتندا بێت‌و سیفاتی‌و كوالێتی له به‌رزبوونه‌وه‌دا بێت‌و نرخی هه‌قیقی (كه بریتییه له كولفه‌ی به‌رهه‌مهێنان‌و قازانج)، له دابه‌زیندا بێت، ئه‌وه چاكترین زه‌مانی پاراستنی به‌رهه‌می نیشتمانی‌و ناوخۆیه.

**به‌ڕێوه‌به‌ری گه‌شه‌پێدانی مرۆیی/ وه‌زاره‌تی بازرگانی**

faruqhussain@yahoo.com




This is trial version
www.adultpdf.com

حکومەتی هەرێم ئاگادارنییە

# عێراق کار بۆ بووژانەوەی کەرتی گەشتوگوزار دەکات

سالح رەحمان

ڕۆژانی ٢٢ تا ٢٥ مانگی رابردوو شەشەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی تایبەت بە گەشتوگوزار لە هاوینەهەواری شاری (سیبۆ)ی فلیپین بەرێوەچوو، نوێنەرایەتیی عێراقیش بەشداریی تێداکرد، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کۆنگرەیەدا بەشدار نەبووەو ئاگادارنەکراوە، کۆنگرەکە کاری لەسەر گرنگیی فراوانکردن و تۆکمەکردنی بواری گەشتوگوزار لە جیهاندا کردووەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی راسپاردووە گرنگیی تایبەت بە کەرتی گەشتوگوزار بدات.

لەو کۆنگرەیەدا نوێنەری نزیکەی (٥٠) دەوڵەتی جیهان بەشدارییان کردووە، تەوەری سەرەکیی کۆنگرەکە گرنگیدان بووە بە ناوچەی باشووری ئاسیاو جیهان لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندییەکی فراوانی جیهانی لە کەرتی گەشتوگوزاردا، لەلایەن پەرلەمانی عێراقیشەوە هەریەکە لە د. رەئووف عوسمان جێگری سەرۆکی لیژنەی رووناکبیری و راگەیاندن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ د. عەبدولئەمیر غەزالی ئەندامی لیژنەکە بەشداربوون، لەمیانی کۆنگرەکەشدا دوو بابەتی سەرەکی خرانەڕوو، ئەوانیش رۆڵی حکومەت و کۆمپانیاکانی تایبەت بە گەشتوگوزار لەگەڵ رۆڵی پەرلەمانتاران لە گەشەپێدانی ئەو کەرتەدا.

فلیپین دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی کیشوەری ئاسیاو لە ژمارەیەک دوورگەی زۆر پێکدێت کە ژمارەیان دەگاتە (٧,١٠٧) دوورگە، لە رووی سروشتییەوە بە ناوچەیەکی گەشتیاریی سەرنجراکێش دەژمێردرێت، بەڵام تا ئێستا وەکو پێویست گرنگیی پێنەدراوە، بۆیە بڕیاردرا کۆنگرەی ئەمساڵ لەو وڵاتە سازبکرێت.

بەرنامەی کۆنگرەکەش دابەشکرابوو بەسەر چەند تەوەرێکدا، ئەوانیش (تیرۆرو ئاکامە خراپەکانی لەسەر گەشتوگوزار، گەشتوگوزارو ئەو کۆسپانەی کە زمان لەو بوارەدا دروستی دەکات، پەیوەندیی نێوان گەشتوگوزاری جیهانی لەگەڵ گەشتوگوزاری لۆکاڵی و چۆنێتی کۆکردنەوەی ئەو دوو بوارەو گرێدانیان پێکەوە، دووریی شوێنە گەشتیارییەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاستی گەشتکردن و سەردانی گەشتیاران، گەشتوگوزارو کارگەریی لەسەر زانستی کۆمەڵناسی و رۆشنبیریی هاوڵاتییان، گەشتوگوزارو سیاسەت و پەیوەندیی ئەو دوو بابەتە بەیەکترەوەو کاریگەرییان لەسەر بواری ئابووری، گەشتوگوزارو کاریگەرییەکانی لەسەر زیادبوونی سامانی وڵاتان، لەگەڵ پەیوەندیی نێوان گەشتوگوزارو کەشوهەواو ئەو دەرئەنجامانەی بەهۆی کەشوهەواوە دەبنە کۆسپ لەبەردەم گەشتوگوزاردا).

لە چوارچێوەی کۆنگرەکەدا وەفدی عێراق داوایان لە بەشداربووانی کۆنگرەکەو کۆمپانیاکانی بواری گەشتوگوزارو وڵاتانی جیهان کردووە روو بکەنە عێراق و وەبەرهێنان لە بواری گەشتوگوزاردا بکەن، چونکە عێراق لە چەندین رووەوە لەبارە بۆ گەشتوگوزار، د. رەئووف عوسمان تایبەت بە رۆژنامەی رایگەیاند داوامان کردووە کۆمپانیاکانی بواری گەشتوگوزار رووبکەنە عێراق و وەبەرهێنان لەو بوارەدا بکەن، چونکە عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە چەند رووەکەوە گەشتوگوزاری تێدا دەکرێت، وەکو (گەشتوگوزارەکانی شوێنەوارو ئایینی و سروشتی و مێژوویی و کلتووری و تەندروستی و بازاڕکردن، لەگەڵ گەشتوگوزاری رووبارو ناو ئاو)، ئاماژەی بەوەشکرد کە عێراق بە رەسمی بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە کراوە، بەڵام حکومەتی هەرێم ئاگاداری ئەو کۆنگرەیە نەکراوەو هیچ وەفدێکیشی رەوانە نەکردووە.

لە دەرئەنجامی کۆنگرەکەشدا جەخت کرایەوە لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ، لەوانەش: هەماهەنگیی نێوان حکومەتەکان و کەرتی گەشتوگوزار بۆ رێگەگرتن لە باندە تیرۆریستییەکان کە ئەو کەرتە بۆ مەبەستی خۆیان بەکاربهێنن، بەتایبەت لە وەرزی گەشتکردندا، بەشداربووان رێککەوتن لەسەر ئەوەی لەمەودوا زمانی ئینگلیزی بکرێتە زمانی ستانداردی جیهانی بۆ ئەوەی لە کەرتی گەشتوگوزاردا لە سەرجەم وڵاتاندا بەکاربهێنرێت، دروستکردنی دەزگایەکی تایبەت بە کارلێکپێکردنی نێوان گەشتوگوزاری جیهانی و لۆکاڵی و رەخساندنی بوار بۆ گەشتوگوزاری ناوخۆی وڵاتان سوود لە کەرتی گەشتوگوزاری جیهانی وەربگرن، داواش لە کۆمپانیاکانی گواستنەوەو گەشتوگوزارو حکومەتەکانیش کرا کارئاسانیی تەواو بکەن بۆ داشکاندنی نرخی هاتوچۆو کەمکردنەوەی رێژەی باج لەسەر بواری گەشتوگوزار، تەئکید لەسەر ئەوە کرایەوە پێویستە وڵاتانی جیهان بایەخی تەواو بە کەرتی گەشتوگوزار بدەن، چونکە ئەو بوارە کاریگەری تەواوی لەسەر بواری رووناکبیری و هۆشیارکردنەوەی خەڵک هەیە بە مێژوو و کلتوورو فەرهەنگو دابونەریتی گەلانی تر، پێداگریی لەسەر ئەوەکرا کە پێویستە سیاسەت کۆسپ لەبەردەم کەرتی گەشتوگوزاردا دروست نەکات، بەڵکو کار بۆ ئەوە بکرێت سیاسەت ببێتە ئامرازێک بۆ برەوپێدانی گەشتوگوزار، چونکە گەشتوگوزار کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر ئابووری و سیاسەت هەیە، ئەوە خرایەڕوو کە گەشتوگوزار پەیوەندیی و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سامانی گشتیی وڵاتان هەیەو پێویستە حکومەتەکان بوار برەخسێنن بۆ گەشتوگوزارو گرنگیی تایبەتی پێبدەن، داواش کراوە بەرپرسانی ئیداریی وڵاتانی جیهان کارئاسانیی بۆ چاکسازیی ئەو بوارانە بکەن کە بەهۆی کاریگەرییەکانی کەشوهەواوە دەبێتە هۆی پەکستنی کەرتی گەشتوگوزار.

ژمارەی دانیشتووانی فلیپین زیاتر لە ٨٨ ملیۆن کەسەو چەند نەتەوەو ئایینێکی جیاوازی تێدایە، لەو وڵاتەدا ژمارەیەکی بەرچاو مسوڵمان هەیە کە لەگەڵ حکومەتدا تەبا نین و کێشە لەنێوانیاندا هەیە، جالییەی عێراقیش لەو وڵاتەدا زیاتر لە ٥٠ کەس دەبن کە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا بۆ خوێندن چوونەتە ئەو وڵاتە، بەڵام نەگەڕاونەتەوە، بە وتەی جێگری سەرۆکی لیژنەی رووناکبیری و راگەیاندن، لەنێوان جالییەی عێراقیدا لە فلیپین هیچ کوردێکی تێدا نییەو تا ئێستاش نە حکومەتی بەغداو نە حکومەتی هەرێم هیچ کۆنتاکتێکی رەسمییان لەگەڵ حکومەتی مانیلادا نییە.

وەفدەکەی عێراق لەمیانی کۆنگرەکەدا ئاماژەیان بەوەکردووە کە گەلی عێراق پێویستی بە هاوکاریی و پشتیوانیی وڵاتانی جیهان هەیە بۆ ئەوەی کەرتی گەشتوگوزار بەرەوپێشەوە ببات، د. رەئووف عوسمان ئاماژەی بەوەشکرد لەمیانی کۆنگرەکەو لە دەرەوەی کۆنگرەکەشدا مەینەت و نەهامەتییەکانی گەلی کوردو عێراقیان بۆ حکومەت و گەلی فلیپین روونکراوەتەوە بەتایبەت کارەساتی ئەنفال، د. رەئووف ئاماژەی بەوەکرد کە گەلی فلیپین لەو کارەسات و نەهامەتیانە ئاگادارنین کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە بەسەر گەلی کورددا هێنراوە، وتیشی: «ئەوان سەدامیان وەکو پاڵەوان ناسیوەو تا ئێستا بۆیان روون نەکراوەتەوە کە رژێمی بەعس چ کارەساتێکی بەسەر گەلی عێراقدا هێناوە بەتایبەت گەلی کورد، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم کاری جدیی لەو بوارەدا بکات»، لە هەمانکاتدا وەفدەکەی عێراق لەگەڵ جالییەی عێراقی لەو وڵاتەدا کۆبوونەتەوەو داوایان لێکردوون هانی دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە بدەن بۆ ئەوەی رووبکەنە عێراق.

لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکەدا پێشنیاز کراوە بواری گەشتوگوزار بکرێتە زانستێکی جیاوازو لە زانکۆکاندا بخوێنرێت، داواشیان لە وڵاتانی زلهێزو کۆمپانیا زەبەلاحەکانی گەشتوگوزار کردووە بانکێکی نێودەوڵەتی دروست بکرێت بۆ ئەوەی پەرە بە کەرتی گەشتوگوزار بدرێت و پێشبخرێت، د. رەئووف عوسمان ئاماژەی بەوەکرد لەمیانی کۆنگرەکەدا داوایان لە بەشداربووان کردووە بۆ کۆنگرەی داهاتوو بە رەسمی بانگهێشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

# کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دژی گەندەڵی ئیداریی بەڕێوەچوو

و: شەهرام عەبدوڵڵا

گەندەڵی ئیداریی کۆسپی بەردەم وەدیهاتنی مافەکانی مرۆڤە لە جیهان و ئەفغانستاندا، ئێستا کارناسان رۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاک لە ناچارکردنی حکومەتەکان بە وەڵامدانەوە، بە یەکلاییکەرەوە دەزانن.

لە راپۆرتێکدا (١٦) دامەزراوەی زانیاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گەندەڵیی ئیداریی بە یەکێک لە هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی مەشروعیەتی حکومەتەکەی حامید کارزای لە ئەفغانستان زانراوە، بەشێوەیەک کە سەرتاپای حکومەتی گرتووەتەوەو بووەتە هۆی ئەوەی کە تاڵیبان و نارازییەکانی دیکەش بێ گرفتێکی ئەوتۆ مەیدانی تەشەنەکردنیان زیاتر پەرە پێبدەن.

گەندەڵیی ئیداریی شتێک نییە کە وڵاتێک بە تەواوەتی لێی بێبەری بێت، بەڵام ئاستی لە وڵاتەکاندا جیاوازەو شێوەکانی سەرهەڵدانی جۆراوجۆرن، لەم رووەوەیە کە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دژی گەندەڵی لە رۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبەرەوە تا ٢ی نۆڤەمبەر لە ئەسینا بەڕێوە دەچێت.

بەهۆی ئەوەی کە گەندەڵیی ئیداریی بە گشتی زیان بە چینە لاوازەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لە کۆنفرانسەکەشدا لەو رووەوە جەخت لەسەر رۆڵی بەرگریکارانەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی چالاک کرایەوە، لە هەر حاڵدا بنبڕکردنی گەندەڵیی ئیداریی کاریگەری دەبێت لەسەر بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی مرۆڤ.

### گەندەڵیی ئیداریی لە ئەفغانستان کۆسپی بەردەم وەدیهاتنی یەکسانی و مافەکانی مرۆڤە

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە دامەزراوەی (ئەنتیگریتی واچ ئەفغانستان) لە جۆنیڤەری ٢٠٠٧دا ئەنجامیداوە، ٥٤٪ لەو کەسانەی کە راپرسییان لەگەڵدا کراوە، لە وەڵامدا دەڵێن گەندەڵیی ئیداریی رەوشی ئەخلاقیی کۆمەڵگەی تێکداوە، ٥٧٪ لەسەر ئەو باوەڕەن کە رەوایەتی و کاریگەریی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی لەناوبردووە، ٥٦٪یش پێیانوایە گەندەڵیی ئیداریی راستەوخۆ کار دەکاتە سەر بارودۆخی ئەمنی.

زۆر کەسیش پێیانوا بووە کە کەمیی مووچەی کارمەندانی دەوڵەت بووەتە هۆی پەرەسەندنی گەندەڵیی ئیداریی، سێ جۆری گەندەڵیی ئیداریی کە لە ئەفغانستاندا بەرچاون، بریتین لە بەرتیلخواردن، خۆخۆریی و کۆسپ و تەگەرە خستنە ناو کاری خەڵک لە فەرمانگەکاندا. لە راستیدا لاوازبوونی دامودەزگا دەوڵەتییەکان، نەبوونی لێپرسینەوەو سزادانی گەندەڵکاران و بڵاوبوونەوەی کلتووری پارێزراوبوون لە لێپێچینەوە، بووەتە هۆی پەرەسەندنی ئەم نەخۆشییە، ٤١٪ی ئەو کەسانەی راپرسییەکەیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە، دەسەڵاتی دادوەرییان وەک گەندەڵترین دەزگای دەوڵەتی ئەفغانستان لەقەڵەمداوە، دوای ئەو دەزگای ئاسایشە کە لەلایەن ٢٠٪وە پلەی دووەمی گەندەڵی پێدراوە، هەروەها دامەزراوە گومرگییەکان لەلایەن ١٥٪وە پلەی سێیەم و شارەوانییەکان لەلایەن ١٣٪وە بە پلەی چوارەم وەک گەندەڵترین دەزگاکانی دەوڵەت دانیان پێدانراوە، کەواتە لەخۆوە نییە کە بە چڕبوونەوەی گەندەڵی لە دەزگا دادوەریی و ئەمنییەکاندا ناعەدالەتی و نائەمنی رۆژ لەگەڵ رۆژ رووی لە زیادبوونەو کار دەگاتە ئەوەی کە پشتیوانە دەرەکییەکانی ئەفغانستانیش باس لە رووخان و دابەزینی ئاستی رەوایەتیی ئەو دەوڵەتە دەکەن کە شوێنی پشتگیریی خۆیانە.

### گەندەڵیی ئیداریی چییەو چۆن رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەکرێت؟

بەرەوڕووبوونەوەی گەندەڵیی ئیداریی لە کلتوورە جیاجیاکاندا شێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە ئەوەی کە لە وڵاتانی ئاسیاییدا بە رەوتی ئاسایی کاری ئیداریی لێکدراوەتەوە، لە وڵاتێکی ئەوروپی یان ئەمریکای باکووردا لای زۆربەی خەڵک بە گەندەڵیی ئیداریی لێکدەدرێتەوە.

لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بۆ گەندەڵیی ئیداریی پێناسەیەکی باوەڕپێکراو بوونی نییە، رێکخراوی نادەوڵەتی ناسراو بە (ترانسپیرنسی ئەنتەرناشناڵ) یان شەفافیەتی نێونەتەوەیی، لەو بوارەدا پێناسەیەکی بەدەستەوە داوە کە بە گشتی رێککەوتنی لەسەرە، نادیا باڵگۆبین، ئەندامی لیژنەی جێبەجێکاری ئەم دامەزراوەیە لە سویس، دەڵێت: «پێناسەی ترانسپیرنسی ئەنتەرناشناڵ بۆ گەندەڵیی ئیداریی بریتییە لە کەڵکوەرگرتنی ئاوەژوو لە دەسەڵاتی پێسپێردراو بەمەبەستی بەرژەوەندیی تایبەت، دیارە گەندەڵیی ئیداریی دەتوانێت شێوەی جۆراوجۆر بەخۆیەوە بگرێت، هەر کاتێک ئێمە لیستێک ئامادەبکەین، ئەم گەندەڵییە لە دزییەوە بگرە تا ساختەکاریی و خۆخۆریی و شێوەی دیکەش لەخۆدەگرێت».

دوای ئەوەی کە راپۆرتی ساڵی ٢٠٠٦ی ترانسپیرنسی ئەنتەرناشناڵ لەسەر گەندەڵیی ئیداریی لە ئاستی جیهانیدا بڵاوبوویەوە، دەرکەوت کە زۆرترین رادەی گەندەڵیی ئیداریی لە دامودەزگای پۆلیسدایە، دوای ئەویش دەزگای دادپەروەرییە، هەر لە ریزی ئەمانەدا دەزگاکانی تەندروستی و پەروەردە دێن، لە ئەفریقیا لە ماوەی یەک ساڵدا لە دوو کەس، یەک کەس کاری کەوتووەتە لای پۆلیس و بەرتیلی داوە، ئەمە لە ئەمریکای لاتین دەگۆڕێت بۆ لە سێ کەس یەک کەس، لە ئەوروپای باشوورو سنوورەکانی ئاسیاو ئۆقیانووسی ئارام دەبێتە لە پێنج کەس یەک کەس و لە ئەوروپاو ئەمریکای باکوور ئەم رێژەیە لە ٣٪ کەمتر بووە، نادیا باڵگوبین پێیوایە هەژارترین چینەکانی کۆمەڵگا لەمە زەرەرمەند دەبن، ئەو دەڵێت: «هۆکاریش ئەوەیە کە هەژاران تەنانەت بۆ دابینکردنی ژیانی رۆژانەیان پارەیان نییە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر کاتێک بیانەوێت لە خزمەتگوزاریی گشتی شتێکیان بەرکەوێت، دەبێت پارەی بۆ بدەن، بڕی ئەم پارەیەش زیاتر لەوەیە کە کۆمپانیاکان دەیدەن، هەر لەم رووەوەیە کە ئەوان زیاتر ئازار دەچێژن».

رێکخراوی ترانسپیرنسی ئەنتەرناشناڵ لقی لە زۆربەی وڵاتاندا کردووەتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی پشتگیریی بێبەرامبەر بۆ خەڵکانی موحتاج فەراهەم بهێنێت، بەڵام ئەم رێکخراوەیە پێیوایە دەتوانێت رۆڵی سەرەکی بگێڕێت لە خەباتی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێزدا بەدژی گەندەڵیی ئیداریی، دیرک لیتیش کە ئەندامی رێکخراوی نادەوڵەتی ناسراو بە (پبلیک سروس مۆنیتۆر)ە لە ئەفریقیای باشوور، هەر بەوشێوەیە بیردەکاتەوە، بۆیە داوادەکات بابەتی مافی مرۆڤ پەرەی پێبدرێت و ئەرکی وەڵامدانەوەی حکومەت لە بەرامبەر خەڵکدا لە بوارگەلی وەکو بودجەشی تێدا لەبەرچاو بگیرێت، دیرک لیت دەڵێت: «ئێمە سەرەتا پێشنیاز دەکەین کە وەڵامدانەوە وەک تایبەتمەندیی بنەڕەتی حکومەتکردنێکی باش، بە مافێکی بنەڕەتی مرۆڤانە بناسرێت، ئینجا دەمانەوێت پێشنیاز بکەین کە کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەکی روو لە هەڵکشان پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو بەهێزبوون هەیە بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستێکدا حکومەت ناچار بە وەڵامدانەوە بکات سەبارەت بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە بواری مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت بۆ دارشتنی سیاسەتی رەوینەوەی هەژاریی».

نۆهی ئەلمیکاو پێیوایە ئەو چالاکیانەی حکومەتێک شەفاف دەکەن، لەسەر ئاڵای بەرنامەکانی لێکۆڵینەوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش نووسراوە، هەندێک لە حکومەتەکان لەو رووەوە نموونەی باشیان هێناوەتە ئارا، ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «مەنگۆلیا بۆ باشبوونی باری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ پایەی رێنمایی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی ژمارە ٩ی پێکهێناوە، ئەم وڵاتە هەر لەم بارەیەوە کۆمەڵێک خاڵی دیاریکراوی خۆی دارشتووە، زیمبابۆی هەڵسەنگاندنی ئەو وڵاتانەی یارمەتی بەدەن لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا هاوئاهەنگ دەکات، بەرنامەی لێکۆڵینەوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەم رووەوە یارمەتی دەدات، ماگدۆنیا؛ خەسارهەڵگرییەکەی گەندەڵیی ئیداریی بۆ پێکهێناوە، مۆنتی نگرۆیش هەر بەو رێگەیەدا دەڕوات، هەندێک لەم وڵاتانە چاوەڕوانی چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپاشن».

زۆربەی وڵاتەکان دەبێت بەشێوەیەک کاربکەن کە بە پشتبەستن بە خۆیان بەرەوڕووی گەندەڵیی ئیداریی ببنەوە، لە ساڵەکانی ١٩٧٠ بەملاوە بەتایبەت لە وڵاتانی پیشەسازیی، زانکۆکان، هەروەها رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەک بانکی جیهانی، بانکی زانیارییان سەبارەت بە گەندەڵیی ئیداریی دامەزراند، نۆهی ئەلمیکاو لەسەر ئەو باوەڕیە کە ئەم بانکە زانیارییانە دەبێت راستەوخۆ بکەونە دەست وڵاتە موحتاجەکان، هەروەک دەڵێت: «پێویستە ئەم بانکە زانیارییانە لەلایەن وڵاتانی تایبەتەوەو بەشێوەی سەربەخۆیانەو پشتئەستوور بە خۆیان ئیدارە بکرێن، هەروەها لێکۆڵینەوەی زیاتریان بخرێتە بەردەست، بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی وڵاتانی جیاواز لەبەرچاو بگیرێت، پێویستە خاوەندارێتیی ئەم بانکە زانیارییانە بدرێتە دامەزراوەکانی ئاماری نەتەوەیی وڵاتان و بکەوێتە بەردەست زانکۆکان و هاوڵاتییان، تەنها لەم رێگەیەوەیە کە لە درێژماوەدا ئەولەویەتەکانی چاکسازیی پێویست لەم وڵاتانەدا دیاری دەکرێت».

هەڵبەت زۆربەی ئەو حکومەتانەی لە حاڵەتی بەرەوڕووبوونەوەی گەندەڵیی ئیداریدان، کەمتر دڵگەرمی پیشان دەدەن، لەناو ١٩٢ ئەندامی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، ١٠٧ وڵات رێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانیان سەبارەت بە گەندەڵیی ئیداریی پەسەند کردووە، گرنگ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە خەبات لە دژی گەندەڵیدا چالاکانە بەشداریی دەکات.

سەرچاوە:
www.hambastegy.blogspot.com/

This is trial version
www.adultpdf.com



















بۆ پەیداکردنی بازاڕی نوێو برەوی زیاتر بۆ کاڵاکانتان ریکلامەکانتان لە ڕۆژنامە دا بڵاوبکەنەوە
لأجاد اسواق جديدة والترويج لمنتوجاتكم أعلنوا في ڕۆژنامە
Rozhnama helps you to make your goods famovs
Mob: 009647501503333 009647701438154
Email: riklam@rozhnama.com info@rozhnama.com

This is trial version
www.adultpdf.com
















This is trial version
www.adultpdf.com

کاکل ئەحمەد، ئەندامی دەستەی داکۆکی لە زیندانییە سیاسییەکان:

# کۆمکار هۆکاربووە کە زیندانییانی سیاسی کوردستان هیچیان بۆ نەکرێت

عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

**کاکل ئەحمەد، ئەندامی دەستەی داکۆکی لە زیندانییە سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵەی زیندانییانی سیاسیو ڕێکخراوی زیندانییە سیاسییەکان لەسەر فەرمانی حیزب بووە پێشتر هەردوو ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیو ڕێکخراوە پیشەییەکانی پارتی کۆبوونەوەیەکیان کردووەو بڕیاری یەکگرتنەوەکەیان داوە بەبێ ئەوەی ئەم دوو ڕێکخراوە ئاگاداربن، باسیشی لەوەکرد کە کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان سەردانی زۆر شوێنیان کردووەو پارەو دەستکەوتیان بۆ خۆیان داواکردووە وتیشی: «با لیژنەیەکی چاودێری دارایی بچێت سەردانیان بکاتو لێکۆڵینەوەی ورد بکەن بزانن داهاتیان چەندەو بۆ کوێ چووە».**

**لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا ئەو ئەندامەی دەستەی داکۆکی لە زیندانە سیاسییەکان زانیاریی زیاتر دەخاتەڕوو.**

**ڕۆژنامە: هۆکاری دروستبوونی دەستەی داکۆکی لە زیندانییە سیاسییەکان چییە، ئێوە کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان بە نوێنەرو ڕێکخراوی خۆتان نازانن؟**

* کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان وەک خۆیان لە چاوپێکەوتنێکی پێشووی سەرۆکی ئەو کۆمکارە وتوویەتیو دەڵێت: لە ٢٠٠٦/٢/٧ کۆنفراسیان بەستووەو یەکیانگرتووەتەوە ئەو دوو ڕێکخراوە، کۆمەڵەی زیندانییانی سیاسیو ڕێکخراوی زیندانییە سیاسییەکان، بەڵام وا نییە، هیچ کۆنفراسێکیان نەگرتووە، یەکگرتنەوەی ئەو دوو کۆمەڵەیە لەسەر فەرمانی حیزب بووە، پێشتر هەردوو ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیو ڕێکخراوە پیشەییەکانی پارتی کۆبوونەوەیەکیان کردووەو بڕیاری یەکگرتنەوەکەیان داوە، بەبێ ئەوەی ئەم دوو ڕێکخراوە ئاگاداربن، یەکیانگرتووەتەوە، مانای یەکگرتنەوەکە لە دەسەڵاتی هیچ کامیاندا نەبووە، هەر دەبوو یەکبگرنەوە، ئەوە فەرمانی حیزبی لەسەر بووە، ئەوە بۆ حەڤدە ساڵ دەچێت کۆمەڵەی زیندانییانی سیاسی دروستبووە، نە کۆنگرەو نە کۆنفراسیان نەبەستووە. ڕێکخراوی زیندانییانی سیاسیش تەنها یەکجار (١٥٠) کەسیان کۆکردووەتەوەو ناویان لێناوە کۆنگرە، کە وەک خۆیان دەڵێن (٣٥) هەزار ئەندامیان هەیە.

هەر لە سەرەتای یەکگرتنەوەیان ئێمە ڕەخنەمان هەبووە، بەڵام تا ساڵێک وتمان بزانین ئەمان باشدەبنو خزمەتدەکەن، بۆیە خۆمان گرتو هیچمان نەکرد، بەڵام ئەوان هیچ هەنگاوێکیان نەناوە، ئێمە لەگەڵ ئەوان لەسەر چەند شتێک ناکۆکین، ئەوان بە تەوافوق ڕێککەوتوونو خەڵکیان داناوە، نەک بە هەڵبژاردن، ئەمەش نابێت، چونکە خەڵکیان فەرزکرد بەسەر ئێمەدا، ئێمە کە زیندانی سیاسین، ئەو خەڵکانەمان نەناسیوە کە زیندانی بووبێتن، چونکە هەموومان یەکتری دەناسین.


کاکل ئەحمەد

**ڕۆژنامە: ئێوە وەکو دەستەی داکۆکی لە زیندانییانی سیاسی بۆ خزمەتکردن دروستبوون یان ڕقتان لەو کەسانەیە کە ئێستا سەرۆکایەتی کۆمکار دەکەن؟**

* ئێمە شتی شەخسیمان لەگەڵ کەسدا نییە نووسراوەکانیشمان دیارە کە داومانە بە لایەنەکان، ئێمەش دوای ساڵێک چەندین جار لەگەڵ کۆمکار دانیشتووین داوای ئەوەمانکردووە بزانین چیانکردووە، ئەوان هەوڵیانداوە، بەڵام شتی فیعلی نەکراوە، هەر لە چاوپێکەوتنێکی ئێوەدا سەرۆکی کۆمکار دەڵێت ١٦٨ پارچە زەویمان دابەشکردووە بەسەر زیندانییان، (١٥٠٠) پارچە زەوی کۆمەڵە دابەشی کردووە، ئەمە خۆ کۆمکار نەیکردووە، بزانین کۆمکار وا دوو ساڵە چی کردووە؟، یان دەڵێت هیچ زیندانییەکی سیاسی مووچەی نییە، من دەڵێم لە سلێمانی زیاتر لە (٥٠٠) زیندانی مووچەیان هەیە، ئەمانە وەک خانەنشین. ئەمانەش بەرهەمی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانە، هەرچی کراوە هی کۆمکار نییە، هەمووی هی پێش ئەوانە، ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە دروستبووین کە دوو ساڵە ئەمانە هیچیان نەکردووە، ئێمە سێ کەس چووینە لایانو پێمانوتن بۆ هیچتان دیار نییە، بۆ هەنگاونانێن، وەڵامیان پێنەبوو، پێشمانوتن ئەگەر هەوڵنەدەن ئێمە ڕازیی نابین.

**ڕۆژنامە: بەڵام ئەوانیش دەڵێن ئێوە نەهاتوون تا گفتوگۆ بکەن لەسەر کێشەکان؟**

* ئەو قسەیە زۆر ناڕاستە، ئەو برادەرەی سەرۆکی کۆمکار خۆی دانیشتووە لە کۆبوونەوەکەدا، ئێمە چووینو ڕاستەوخۆ شتەکانمان پێوتن، بەڵام ئەوان نکۆڵی لێدەکەن، ئێمە بڵێین چی؟ دواتر لەو کۆبوونەوەیەدا برادەرێکی ئێمە پێیوتن ئەگەر هەنگاونەنێن پێتان دەڵێین خۆمکار لەبری کۆمکار، چونکە ئێوە بەس ئیشتان بۆ خۆتان کردووە، ئەوان سەردانی زۆر شوێنیان کردووەو پارەو دەستکەوتیان بۆ خۆیان داواکردووە، بۆ نموونە چوونەتە لای د. بەرهەم، دەڵێن ٢٥ ملیۆن دینارمان وەرگرتووەو دابەشمان کردووە، بەڵام وانییە، بەسەر خۆیاندا دابەشیان کردووە. با لیژنەیەکی چاودێری دارایی بچێت سەردانیان بکاتو لێکۆڵینەوەی ورد بکەن بزانن داهاتیان چەندەو بۆ کوێ چووە؟

**ڕۆژنامە: ئێوە دەتانەوێت تەنها کار بۆ حکومدراوان بکرێت، ئەوانەی تەنها گیراونو حکوم نەدراون ئێوە بە زیندانی سیاسییان نازانن؟**

* نەخێر وانییە، ئێمە زۆر لەوان وردترین لەو مەسەلانە، ئەگەر کەسێک یەک ڕۆژ گیرابێت، ئێمە بە زیندانی سیاسی دەزانین، بەڵام ئەوان وا بە ئێمە دەڵێن، چونکە سەرۆکی کۆمکار زیندانی سیاسی نییە، دوای ئەو لەسەر باوکی کە پێشمەرگە بووە، گیراوە، ئەمە نازانیت ناوی چی لێبنێیت، پاشان ئەو برادەرەی کە جێگریەتی، تەنها خۆی دەڵێت گیراوم، کەس نایناسێت کە زیندانیی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسێک کە گیرا بێت، بەلای ئێمەوە زیندانی سیاسییە، بەڵام هەر کەسەو جێگەی خۆی بۆ دیاریدەکرێت، لەپێش هەموویانەوە دەبێت حکومدراوان کاریان بۆ بکرێت.

**ڕۆژنامە: ئێوە لەو نووسراوەی ماوەیەک لەمەوپێش داتان بە هەندێک لایەنو خۆپیشاندانتان کرد، داوای هەڵبژاردنی نوێنەرتان کردووە لە کاتێکدا کۆمکار دەڵێت ئێمە ڕۆژەکەشمان دیاریکردووە کە کۆنگرە ببەستین ئێوە نەتانکردووە؟باشە ئێوە بڕواتان بە کۆمکار نییە؟**

* ئێمە کە سەیرمانکرد کۆمکار هیچ هەنگاوێکی نەنا، بۆیە داوامانکرد هەڵبژاردن بکرێتو نوێنەری خۆمان هەڵبژێرین، ئێمە دڵنیاین کۆمکار هیچی بۆ ناکرێت، هەتا لە بەغداش ئەوانەی نوێنەری زیندانی سیاسین، نەناسراون، ئێمە زیندانیی دەکرێین کەچی خەڵکی تر فەرزدەکەن بەسەرماندا.

**ڕۆژنامە: ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام لەگەڵ کۆمکاردا، ڕێکخراوێکی تر ڕادەگەیەنن؟**

* ئێمە هەوڵدەدەین بگەینە ئەنجامی باش لەگەڵیاندا، حەزدەکەم بزانیت ئەوان دەڵێن تەنها لە سلێمانی نارەزایی هەیە، وانییە، لە هەولێریش هەیەو لە دهۆکو کەرکوکو موسڵیش هەیە، ئێمە دەمانەوێت یەک ڕێکخراو هەبێت، ئەگەر نەگەیشتینە ئەنجامو کەس گوێمان لێ ڕانەگرێت، بەڵێ خۆمان ڕێکخراوێکی تر ڕادەگەیەنین.

**ڕۆژنامە: باشە ئێوە وەک کۆمکار باسی دەکات بەناوی کۆمکارەوە سەردانی پەرلەمانو پارێزگای سلێمانیو چەندین شوێنتان کردووە، نەک وەک دەستەی داکۆکی، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

* ئێمە نووسراومان هەیە، هەمووشی لێی نووسراوە دەستەی داکۆکی، دوای ئەوە ئەوان دەڵێن پارێزگاری سلێمانیان هەڵخەڵەتاندووە، بۆ کاک دانا خوێنەواری نییە ئەو یاداشتە ئەوە نییە نووسراوە دەستەی داکۆکی، بەڵام ئەوان هیچیان پێ نییە، بەمشێوەیە دەیانەوێت بەرگریی لەخۆیان بکەن.

**ڕۆژنامە: بۆ تا ئێستا زیندانییانی سیاسیی کوردستان سوودیان لەو هاوکارییە وەرنەگرتووە کە بەغدا دابینیکردووە بۆ زیندانی سیاسی؟**

* کۆمکار تاڕادەیەک هۆکاربووە بۆ ئەوەی کە زیندانییانی سیاسی کوردستان هیچی بۆ نەکرێت.

## وەفایەک بۆ کەمال ڕەئووف محەمەدی ماندوو

زاموا سامان

کەمال ڕەئووف محەمەد، ئەو پیاوەی کە کلتووری میللەتێکو مێژووی ڕۆشنبیریی میللەتێک قەرزاریەتی، ئێستا لە ماڵە ساردوسڕەکەی لە سلێمانی زۆر بێنازو زۆر تەنها خەریکە نەخۆشیو خەم جەرگی دەخوات.

کەمال ڕەئووف محەمەد لە ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٨٢ لە ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی زۆر لێبڕاوانەو زۆر چالاکانە خزمەتی ئەدەبو هونەری کوردی کردووە، زۆر چاپوکانە زۆرێک لە هونەرمەندانو شاعیرانو ئەدیبانی ئەوکاتەی بانگهێشتی بەردەم مایکرۆفۆنی ڕادیۆ کردووەو ڕازو نهێنییەکانی ژیانی هونەریانی دواندوون، دەنگو وێنەو هەستو نەستیانی تۆمارکردوونو پێشکەش بە ئێمەو بە مێژووی کردووە، جگە لەوەی دەستی چەندین گۆرانیبێژی گرتووە چ بە تۆمارکردنی دەنگو بە وێنەگرتنی گۆرانییەکانیان (بۆ ڕادیۆو تەلەفزیۆن)، چەندین کتێبی بەنرخی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا کەمال ڕەئووف محەمەد تەنهایەو کەسێک نییە بڵێت نەخۆشیت باش مامۆستا، خەمو بێکەسیو تەنهایت باش، ئەوە تەنها کوردە هێندە دڵڕەقە لەگەڵ نەوەکانی خۆی، با ئیدی فەرهەنگی دڵڕەقیو ئاوڕدانەوە لە مێژوو فەرامۆش بکەین، با بچینە خزمەت مامۆستای بە ئەزموونو بەوەفا کەمال ڕەئووف محەمەدو چایەکی لەگەڵ بخۆین، پاداشتی ڕەنجو شەونخوونی بدەینەوە، ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەم جوڵانەوە ڕۆشنبیریو فەرهەنگییە سەوز نەدەبوو لە کوردستان.

مامۆستا کەمال بە کۆمەڵێک خەیاڵو گومانو هیواو نەخۆشییەوە ئێستا میوانی شاری سلێمانییە، من چەند جارێک سەردانیم کردووە، خەمباریو تووڕەیی لە ڕۆحو لە سیمایدا دیارە، چونکە کەسێک نەیپرسیوە لە کوێوە هاتووی بۆ کوێ دەڕۆیت ڕێبوار، من دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنبیرانو هونەرمەندان شەرمێک لە نەخۆشیو لە ڕابردووی مامۆستا کەمال بکەن نەبادا ئەمجارە کۆتا جاری هاتنەوەی بێت لە وڵاتی غەریبیو بە تەنهاییو بە مەرگی نەسیبێن.



گۆشەیەکە هەرجارەو ڕاوبۆچوونی یەکێک لە سەرۆکو ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانی تێدا دەخرێتەڕوو، سەبارەت بە کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردیو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

ئامادەکردنی: سەنگەر جەمال

## کێشە خزمەتگوزارییەکان



**ڕەشاد ئەحمەد ئیبراهیم**، پێیوایە لە بوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریدا خزمەتو ئیش کراوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان، بەڵام لەو بڕوایەدایە ئەو کارانە لەئاست داوای خەڵکو پێویستیدا نەبوونو وتی: «ئیشی زیاتر داوادەکەین کە بکرێت، کێشەی ئاو هەیەو پێویستە بە زووترین کات دابین بکرێت بەتایبەت بۆ گوندەکان».

ڕەشاد ئەحمەد،کە سەرۆکی لیژنەی شارەوانییەکانو گواستنەوەو گەیاندنە لە پەرلەمانی کوردستانو لیژنەکەیان چاو دەگێڕێت بە کاروباری شارەوانیو خزمەتگوزارییەکانی ئاووئاوەڕو چەند لایەنێکی تر، باسی لە نارەزاییو گلەیی هاوڵاتییان کرد لەبارەی نەبوونی شوێنی نیشتەجێو خراپیی ئاووئاوەڕۆو ڕێگەوبان، هۆکارەکەشی بۆ یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایی گەڕاندەوە بەوپێیەی «وەزارەتی شارەوانیش ئەو دەسەڵاتەی نییە بەتایبەت کە دوو سنووری هەردوو ئیدارەکە هەیە، هەولێرو سلێمانی، بۆ نموونە خەڵک سکاڵایان ئاراستەی پەرلەمان کردووە بۆ خەتی دووەمی ئاوی سلێمانی، ئێمەش لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ڕاپۆرتمان بەرزکردووەتەوە بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشەکانو چارەسەرکردنیان، بەڵام بەهۆی ئەو تێکەڵاویەو تا ئێستا بوونی دوو وەزارەتی دارایی وەکو پێویست ئیشەکان ناکرێن».

ئەو ئەندام پەرلەمانە لەو بڕوایەدایە تا وەزارەتەکانی دارایی یەکنەخرێن، ئەو کێشانە کۆتایی نایەتو پێیوایە زیاتریش دەبن، چونکە «ئەگەر یەکنەگرنەوە لێپێچینەوە وەک پێویست ناکرێتو ناتوانرێت چاودێریی بکرێن»، بۆیە بە پێویستی دەزانێت بە زووترین کات یەکبگرنەوە.

ڕەشاد ئەحمەد ڕای وایە ئەو کێشانەی هەیە لە ڕووی کەمیی خزمەتگوزارییو شوێنی نیشتەجێبوونەوە زیان بە بارودۆخی سیاسیی هەرێمو ناوچەکە دەگەیەنێت، بەوپێیەی فراوانبوونی شارەکان بەبێ بەرنامەو بێ دیراسە بووەو وتیشی: «فراوانبوونی شار بە بەرنامە دەکرێتو ناکرێت ڕاستەوخۆو بە بەردەوامی زەوی دابەش بکرێتو نەتوانرێت خزمەتگوزاریی بۆ دابین بکرێت، ئێستا چەند ساڵێکە زەوی زۆر دابەشکراوەو ڕووبەری شارەکان گەورە بوون بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتگوزارییەکیان بگەیەنرێتێ».

بۆچوونیشی وایە لە هەموو دنیادا ئەو کارانە بە بەرنامە دەکرێتو باڵەخانە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون ئامادە دەکرێتو خزمەتگوزارییەکانی ئاسانترو باشتر بۆ دابین دەکرێتو خەڵکی زیاتر لەسەر ئەو ڕووبەرە کەمە نیشتەجێدەکرێت «بەڵام تا ئێستاش زەوی دابەشکردن لە کوردستاندا بەردەوامەو هەزارەها پارچە زەوی دابەشکراوە بەبێ ئەوەی کرابێتە خانوو، پێشینەی خانووبەرەش دەدرێت، بەڵام بەشێوەیەکە کە ناتوانرێت خانووی پێ تەواوبکرێت».

لەبارەی بانگهێشتی وەزیرەکان بۆ پەرلەمانو لێپێچینەوەیان، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو وەزیرانەش چەندین کێشەیان هەیە ڕووبەڕووی پەرلەمانی دەکەنەوە، بۆیە دەرئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە، هێما بەوەشدەکات کە پەرلەمان چاودێری حکومەتو دەرکردنی یاساو پەسەندکردنی بودجەیە، ئەوە دەخاتەڕوو کە لیژنەکەیان دەیەها «ڕاپۆرتو پێشنیازمان لە ڕێگەی سەرۆکایەتییەوە بەرزکردووەتەوە بۆ حکومەت، بەڵام بە ڕاستی تا ئێستا وەکو پێویست وەڵام نەدراوینەتەوە».

ئەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێی باشە کار بە بەرنامە بکرێت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییو دەڵێت: «بەلایەنی کەمەوە بەرنامەی (٥) ساڵی کارکردن هەبێت کە ئێستا تەنها بەرنامەی ساڵانە دادەنرێت لەکاتی هاتنی بودجەداو بەپێی ئیمکانیەتو ئیشەکان بودجەکان دابین دەکرێت، بەڵام ئەگەر بەرنامەی (٥) ساڵیی هەبێت، ڕیزبەند دەکرێتو بەپێی گرنگیی کارەکان ئەنجام دەدرێت».

بە باشیشی دەزانێت کار بە کردنەوەی «جەمعیات» بدرێتو ئەو جەمعیاتانەی پێشتر هەبووە ببوژێنرێنەوەو «بەوەش کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر دەبوو، تا ئەو وەبەرهێنانەی ئێستا لە کوردستان دەکرێت، کە وەبەرهێنێک یەک دنیا زەوی وەردەگرێتو دەیکاتە بیناو خەڵکیش توانای نییە بیکڕێت، کەواتە بە ڕاستی کێشەکە بەوشێوەیە چارەسەر نابێت کە هەیە، بۆیە هەندێکجار بگەڕێینەوە سەر کارەکانی پێشوو باشترە».

بە پێویستیشی دەزانێت ئەنجومەنێکی باڵا بۆ پلاندانان دابنرێتو بەرنامەڕێژی بکات لە بواری نیشتەجێیو خزمەتگوزاریی، سیاسی، ئابووریی عەسکەری «چونکە پێویستمان بە هەمووی هەیە، ئەوکاتە بەپێی گرنگیی ڕووبەڕووی کێشەکان دەبینەوە».

This is trial version
www.adultpdf.com

# فەوزای ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان لە نێوان تەشهیرو کاری ڕۆژنامەوانیدا

شارا عەبدولڕەحمان

لە ئێستادا زیاتر لە ١٠ بۆ ١٥ ماڵپەڕی کوردی لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەن کە زیاتر بابەتی تەنزئامێزو وروژاندنو هەندێکجار ناوزڕاندنو سووکایەتیکردنیش بڵاودەکەنەوە، ئەمەش لەو چوارچێوەیەدایە کە میدیای ئەلیکترۆنی لە سەرانسەری جیهان بە گشتیو کوردستان بەتایبەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەتەوە، چاودێرانیش بوونی ئەو ماڵپەڕانە بە فەوزای ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی کوردی وەسفکرد.

د. سامان فەوزی، پسپۆڕی یاسای ڕاگەیاندن، پێیوایە بەهۆی تازەیی ئینتەرنێت لە کوردستاندا تا ئێستا تاکی کورد بە کێشەکانی ئاشنا نەبووە، وتیشی: «تا ئێستا لە کوردستان یاسایەکی وامان نییە کە ڕێگریی بکات لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ناوڕزاندنو گاڵتەئامێزو سووکایەتی کردن بە خەڵکان لە ماڵپەرەکاندا»، هۆکارەکەشی بۆ ئاشنا نەبوونی کۆمەڵگەی کوردی بە کێشەکانی ئەو داهێنانە نوێیە، گەڕاندەوە.

ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوولی ئەمساڵ پەرلەمانی کوردستان یاسای کاری ڕۆژنامەگەری پەسەندکرد کە چەندین مادەی گرنگی بۆ پاراستنی مافی هاوڵاتییانو ڕۆژنامەنووسانو بڵاونەکردنەوەی نهێنیو دانەنانی بابەتی ناوڕزاندن لەخۆگرتووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاسایەکی لەوجۆرە بۆ سنووردارکردنی بڵاوکردنەوەی بابەتو لێپێچینەوە لەکاتی شکاندنی ئەو سنوورانەدا لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا، ڕۆژانە چەندین بابەت کە بە لای زۆربەی خەڵکییەوە دوورن لە ڕاستیو تەنها مەرامی تایبەتی لە پشتەوەیە بڵاودەکرێنەوەو هیچ لێپێچینەوەیەک لەگەڵ خاوەنەکانیاندا ناکرێت.

جەمال محەمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیریو پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان، نەبوونی یاسایەکی لەوجۆرەی گەڕاندەوە بۆ عەمەلینەبوونی یاسایەک لە ژێر ناوی سنووردارکردنی بابەتی ڕۆژنامەوانی لە ماڵپەڕە کوردییەکانداو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەهۆی نەزانینی شوێنو کەسانی بەڕێوەبەری ئەو ماڵپەڕانە ئەستەمە بتوانرێت ڕێگرییان لێبکرێتو لەکاتی ناوهێنان بە خراپی کەسێکدا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، نە حکومەتو نە پەرلەمانو نە سەرۆکایەتی هەرێمیش ناتوانێت لە کوردستانەوە فشار بخاتە سەر ماڵپەڕێک لە دەرەوەی عێراق، بە ڕای من ئەگەر یاساکە هەشبێت ناتوانرێت وەک پێویست کاری پێبکرێت.

وێڕای بوونی ئەو ژمارە ماڵپەڕەی کە بابەتەکانیان بەلای خەڵکەوە بێزراون لە کوردستانو دەرەوەش، ژمارەیەکی زۆر ماڵپەری کوردی هەیە کە تەنها هەواڵو بابەتو وتاری ڕۆژ دادەنێن بێ ئەوەی لە یاساو ڕێساکانی ڕۆژنامەوانی دووربکەونەوە.

سۆران عومەر، بەرپرسی سایتی کوردستان نیوز، بوونی ئەو ماڵپەڕانەی بە فەوزای ڕۆژنامەوانی وەسفکردو مانەوەو نەبوونی یاسای تایبەت پێیانی بە کێشەی گەورە زانی، بە ڕۆژنامەی وت: «ئەوەی ئەو ماڵپەڕە کوردییانە دەیکەن، ناونانرێت میدیای ئەلیکترۆنی، بەڵکو جۆرێکە لە فەوزاو پاشاگەردانی کە بەهۆی نەبوونی یاسای تایبەت لەو بوارەدا دروست بووە، بەکارهێنانی ماڵپەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی گاڵتەئامێزو سووکایەتی پێکردنو ئاشکراکردنی نهێنی تایبەت، ڕەنگدانەوەی کولتوورێکی ناشیرینە کە لە ناو کورددا پەرەی پێدراوەو پێی دەوترێت یەکتر فرۆشیو یەکتر ناشیرین کردن».

بە بڕوای هەندێک کەس دروست بوونی ئەو ماڵپەڕانەی کە تەشهیرو ناوزڕاندن بڵاودەکەنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادی ڕادەربڕینو لە کوردستانداو هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ئەو ماڵپەڕانە، بەوپێیەی کاتێک زانیارییەکان ئاشکرا ناکرێنو ناتوانرێت بە ئاسانی هێما بۆ کێشەکان بکرێت، بۆیە ئەو ماڵپەڕانە وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەو بارودۆخە دروست دەبن.

کەمال جەمال موختار، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی کوردستان پۆست بۆ ڕۆژنامە وتی: «بە ڕای من کێشەکە لە سیستمی بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندنەکانە نەک لە خودی نووسەر ئەگەر ڕۆژنامەنووس دەستی واڵا بکرێت، هەرگیز ماڵپەڕی تایبەت بە دەرخستنی ڕاستییەکانو گەندەڵی ناکرێتەوەو ناوزڕاندنیش ڕوونادات».


وەرگیراوە بە دەستکارییەوە







This is trial version
www.adultpdf.com

# ...ــــە کوردستاندا

حیزبی کوردیو پێداویستیی مێژوویی، ئەمەش زۆرجار قەیرانی گـەورەی خولقاندووە لە مومارەسەکردنی چالاکیی کاروباری حیزبایەتیکردنداو وەکو پێویست حیزبە کوردییەکان نەیانتوانیوە کار لەسەر ئەندامانی خۆیانو کۆمەڵگەش بکەن، تایبەت بەمانەو چەند ڕەهەندێکی دی، ڕۆژنامە تەوەرێکی تایبەتی لەگەڵ ژمـارەیـەک لە مامۆستایانی زانکۆو ڕۆشنبیرانو شارەزایانی بواری سیاسیی حیزبدا ئامادەکردووە.

ئامادەکردنی: ئارام عەلی سەعید

| برایەتی | نیشتیمانێکی ئازاد | ئاشتی |
|---|---|---|
| ئازادی | | ئازادی |
| دادپەروەری | گەلێکی بەختیار | دیموکراسی |

## ڕەشاد حسێن*: حیزبەکان بە دوو قاچی ئاسنینەوە لەناوجەرگەی خێڵدا چەقیون

١-٢

**ڕۆژنامە: شێوازی کاری حیزبایەتی لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* حیزبی سیاسیی کوردی ئەگەر تا ڕاپەڕین توانیبێتی بە سوودوەرگرتن لە هەلومەرجی ناوچەکە داخڵ بێت بە هاوکێشەکانی سـەردەمو تا مانەوەی ڕژێمی سەدام توانرابێت مامەڵەی ئەمری واقیعی لەگەڵدا بکرێت، ئـەوا پاش ئەم مێژووە مەحاڵە بەم دیدو ڕوانینەی ئێستا گوتاریی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییە زۆرو بە گوڕەکاندا بگونجێنێت... بۆ؟ چونکە شێوازی نەریتگەرایی حیزبی کوردی سەبارەت بە پرسە ستراتیژییەکان وەک چـاوەڕوانـی (گـۆدۆیـە)و خەونبینین بە قەدەرەکانەوەیە بەبێ نەخشەو پلانو خوێندنەوەی دوورنماکانی ئاینده، خۆدانە بەر تەوژمی لافاوێکە بەبێ بینینی کەنارو ئارامگرتن، بە گشتی گوتاری کوردی هەوێندراوی عەقڵیەتی خێڵو جەهلو زاتگەراییە بۆ دەستەمۆکردنو دیلو گێلکردنی کۆمەڵی کــوردی... هەرچی کلتووری ناشیرینی ڕژێمە تۆتالیتارەکانە کە مێژووی مرۆڤایەتی عەیبدارو خەجاڵەت کردووە، لەم ئەمارەتە باوی هەیە... بۆیە تەنها خاوەنی بە دیسپلینکردنی هێڵە سوورەکانی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانو بنەماڵەو دەستو پێوەندەکانیانن. تاکە زاڵخوازەکان لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا تووشی وەهمی نوێنەرایەتی (خوا) بوون وەکو پاشاکانی سەدەکانی ١٤و ١٥ی ئـەوروپـا... ئەوانە هەست، خولیاو مەزاجی شیزۆفرینییان بڕیاری ڕەهاو فەرمانی دڵڕەقانەیان پێدەدات... ئەمڕۆ کادیرو ئـەنـدامو جەماوەریش لەبەر ڕەحمەتی مەزاجی ئەواندا، کۆیلەو داگیرکراوو بێ نوزەیە، بە ڕەعیەتکردنی مرۆڤەکان، زەلیلکردنو کڕنۆش پێبردن، فـەزای گـۆڕانو گەشەکردنی چەندین فەرسەخ بردووەتە دواوە، هەر دەنگێک بۆنی گوتاری سەردەمو مەدەنیەتو دیموکراسی تێدابێت... بە ئاژاوەچیو نەفامو شێوێنەری ئەزموونو کودەتاچی حسابی بۆ دەکرێت... چەقبەستنو جەهل ئەوانەی زیندانەکان فـــراوانو سیخناغ دەکـــات، بۆچوونە زانستیو تیۆرییەکان هەڵدەپەسێردرێتو دیوەخانەکانی ئاغاو میرو پاشازادەکان جمەی دێت لەهاوشێوەکانیان...فرسەتەکانی مێژوو زۆر بەگوڕ تێدەپەڕنو سوودیان لێوەرناگیرێت، فەزای یەکتر قبوڵنەکردنو نەبوونی دیالۆگی ئـازادو بە هەدەردانی پارەو پولی میللەتو سازشکردن لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانو پچڕاندنی ڕایـەڵـە میللیو نەتەوەییەکان لەگەڵ پارچەکانی ترو دژایەتیکردنیان، ئاوەڵا بووەو لەبەردەم ئەو کاروانەی بە ڕێگەی لێڵو وێڵدا دەبـرێـت... بڵاوکردنەوەی جـاسـوسو ڕاپـۆرتـنـووسو سیخوڕ... دیاردەیەکی باوی ئێستای حیزبی کوردییە... پەراوێزکردنی سەرکردەو کادیرو ئەندامە دڵسۆزەکان، دوورکەوتنەوەیە لە ئازادیو دیموکراسیو ڕەنگو دەنگە جیاوازەکانی کە ئەمڕۆ سیستمی نوێی جیهانی بە باشترین دەرئەنجامی مرۆڤدۆستانە تێیدەڕوانێت... ئەمانەو زۆرێکی تر وێنای حیزبی کوردیمان پێ نیشان دەدات... کەواتە کار بەمجۆرە دۆخە قەیراناوییە مەیسەر نابێتو لە بەرامبەردا چەندین (ئەنتی ڤایرۆس) دروستدەبێتو ئەوجۆرە زاڵخوازییە تا سەر بەردەوام نابێت... بە ئومێدی چارەسەری ئاشتییانەی سەرجەم قەیرانەکانمان... چونکە لە ئەمڕۆی ئازادیو دیموکراسیو پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا، سندوقەکانی دەنگدانو ئەنجامەکانی دەبنە سەنگی مەحەک، گەرچی حیزبی کوردی بۆ هەموو ڕکابەرایەتییەی کە بیەوێت پارسەنگی بداتەوە، هێز دەکاتە فاکتەری یەکلاییکردنەوە... هەر ئەو دیدە سەلەفییەشە کە شەڕی براکوژی لێدەکەوێتەوە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئۆرگانو دامودەزگای حیزبی کـار بە پـەیـڕەوو پرۆگرامی حیزبەکەیان دەکەن؟ ئەگەر کاری پێناکرێت هۆی چییە؟**

* بەهەشتی ناو خەونەکانی پەیڕەوو پرۆگرام، بۆ مافو ئەرکو ئازادییەکانو گەشەو پێشکەوتنو داهـێـنـان، لەناو فەرهەنگی حیزبە سیاسییەکانی کورددا تەنها جوانکارییو ڕازاندنەوەو فەنتازیایە، دەتـوانـم بڵێم ئەمڕۆ پەیڕەو لە دەقە لاهوتییەکان دۆگماترە، بێماناکردنی پەیڕەو پووچەڵکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی لە گرێژنەچوونی سـەرجـەم ڕایـەڵـەو دیسپلینەکانە... پەیڕەوخوازەکان لە حیزبی کوردیدا تاکە دڵسۆزو بێ پشتو پەناکانە، ئەگینا یەک فەرد لە دەسەڵاتە باڵاکان بڕوام نییە بزانێت ئەرکەکانو مافەکان چین، زۆر بە تەحەداوە دەڵێم هیچ یەکێک لەو تاکانەی لە ئاستی باڵای حیزبن، بەتەواوی ناتوانن پێناسەی پەسەندکراوی کۆنگرە بۆ حیزب یان ڕێکخراوەکەیان لەبەربێت، بۆیە هەم لە ئامانجە سیاسییەکان لادەدەنو دژی دەجوڵێنەوە، هەم لە ئامانجە ئابوورییەکان خــــۆلادەدەن دژ بــە گــەشــەپــێـدانـی کۆمەڵایەتیو کلتوورین، وەکو پەیڕەویش ئەرکەکانی ئەندام تەنها ئاستە ناوەنجیو خوارووەکان دەگرێتەوەو مافەکانیش بۆ ئاستە باڵاکان فەراهەم دەبێت، ئەگەر باس لە دەسەڵاتەکانیش بکەین، تەنها بۆ چەند کەسێک قۆرخکراوەو ماباقی دەستی بە بەتاڵی بە گیرفانیدا دەگێڕێت، هەر ئەوانەشن لە کۆنگرەدا چەندین لیستو تەکەتول دروستدەکەن کە بە ناشەرعی دەربچنەوەو لە هەمان بازنەدا یارییە شەخسییەکانی خۆیان بکەن، بەو مانایەی پووچەڵکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیڕەو کە سەرجەم ڕایەڵەکانی نێوان لوتکەی هەرەمی حیزبیو بنکەکەی بەتەواوی دەپچڕێنێت، پاشان کادیری حیزبی ناتوانێت دەنگی بگاتە هەڤاڵە سەرکردەکەی کە دەنگی داوەتێو هەموو سەری داوەکانیش بە سەری پەنجەکانی کەسی یەکەمی حیزبەوە بەستراوەتەوەو لەنێوانی ئەوو ڕێکخستنەکان، دوورییەکی بێمانا هەیە.

خاڵێکی تـر کـە دەمـەوێـت لەسەر مەسەلەی پووچەڵکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیڕەو بیڵێم، مەسەلەی حساب نەکردن بۆ مافەکانی ئەندامێتییە کە ئەوکاتە دەتوانێت داکۆکی لێبکەیت کە وەڵامـت هەبێت بۆ یەکێک لە سەرە گەورەکان، ئەگینا وەک تاکێکی بە دیسپلین کار بە پەیڕەو بکەیت، کـەس گـوێ لە ڕەخنەکانت ناگرێتو داکۆکیت لێناکات، ئەمە جگە لـەوەی بە گشتی سەرکردایەتیی حیزبی کوردی زۆر ترسنۆکە لە گرتنی کۆنگرەدا تا بەگوێرەی قۆناغەکان بە پەیڕەوەکەیدا بچێتەوەو مامەڵەی تیۆریانەی لەگەڵدا بکات، بۆیە بێ بەهاکردنی پەیڕەو دەرچـوونـە لە هەموو دیسپلینە حیزبیو بەها ئەخلاقیو سیاسییەکان، ئەمەش ئامادەکارییەکە یاخود زەمینەیەکی بە پیت بۆ چەمکی زاڵخوازی دەخەملێنێتو ڕێکخستنێکی ناهۆشیاریی دەستەمۆی فـریـودراو دروستدەبێت، حیزب لە گەشەی سروشتی دەکەوێتو پردی پەیوەندیشی کە ڕێکخستنەکانە، لەگەڵ جەماوەر بەتەواوی دەڕووخێنێت... لێرەوە ئاماژە ترسناکەکانی دروستبوونی دیـکـتـاتـۆریو حیزبێکی خۆسەپێن دەردەکـەوێـتو دوا ڕۆژگارەکانیشی دەتوانین لە مێژووی حیزبە سیاسییەکانی جیهانو ناوچەکە نموونەکانی بدۆزینەوە.

**ڕۆژنامە: وەکو کادیرێکی دیاری ناو (ی.ن.ک)، ململانێکانی ناو یەکێتی سەر بە چ بنەمایەکن؟ دەتوانین بڵێین بنەمای فیکریان هەیە؟**


* سەرەتا پێویستە بزانیت گوتاری ناسیۆنالیستی حیزبی کــوردی چەند توانیویەتی بوارێک بۆ دیموکراسی بهێڵێتەوە، ئەگەر شرۆڤەیەکی ئەم حیزبە کلاسیکیانە بکەین هەست دەکـەیـن بە دوو قاچی ئاسنینەوە لە ناوجەرگەی خێڵدا چەقیون، سەرۆکی خێڵ سەرۆکی حیزبە، ڕەعیەتو دەستو پێوەندەکانیش، کادیرو ئەندامانی حیزبنو دەستەمۆکراوی سەرۆک خێڵن، بە مانایەکی دی دیوەخانی خێڵ مەکتەب سیاسیو سەرکردایەتیی حیزبەکانن کە دەکاتە ڕیش سپیو دەمڕاستی (دەربار) بۆ سەرۆک خێڵ، کە تەنها کاری دڵڕازیکردنی سـەرۆک خێڵەو تەفسیرەکانی سەرۆک خێڵیش ئیستاتیکایەکی پێ ببەخشێت بۆ ڕەعیەتو پایەی پتەوو جێگیر بکات لەناو خێڵەکاندا، نەک خۆی تەفسیرو دیدی جیاوازی هەبێت، چونکە دەبێتە مونافسو دوژمنی، ئەمە تا ئێرە ڕاڤەیەکی حیزبە، وەکو تر حیزبی سیاسی تەقلیدی کوردی کە ئەو شیکردنەوەیەی بەسەردا جێبەجێ ببێت، کەواتە سیستمێک پەیڕەو دەکات کە لە خزمەت ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی خێڵدا بێت، بۆیە نە ڕای پێچەوانەو نە دیالۆگو نە ئـازادیو نە دیموکراسی نە شەفافیەتو عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە مەنهەجی فیکریدا نییە، ئەو لەناو جوغزێکدا دەجوڵێت کە بۆ ماوەیی بۆی بەرهەمهێناوە کە تەشق شکاندنی بڤەیەو هەموو جوڵەیەکیش دژ بەم نەریتگەرێتییە بەریەک کەوتنو ململانێی لێدەکەوێتەوە، لێرەدا ڕێک بەپێچەوانەی سیستمی خێڵگەرایی، جیهانبینییەکی تر خۆی نمایش دەکـات کە خـۆی لەسەر سیستمی مەعریفیو دنیای مۆدێرنەو چەمکەکانی ئـــازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤـو باوەڕهێنان بە سەرجەم ئازادییەکانو یەکسانیو شەفافیەت...هتد، بنیاتناوە، کەواتە ئێمە لە حیزبی سیاسیی کوردیدا چەمکی دووەمیشمان ئاماژە پێدا، من بەش بە حاڵی خۆم هـەردوو جیهانبینییەکە بە ئامادەبوونێکی ئەکتیڤەوە هەست پێدەکەم، کەوایە بەڵێ ململانێکان سروشتی دەسـەڵاتـی ناسیۆنالیستی خێڵگەرایی کوردی دروستی کردووەو ئیتر ئەوە بێمانایە کە هەندێک لەوانەی دەیانەوێت پرۆسەی گۆڕان شەلو ئیفلیج بکەن، فێری ئەوە بوون بڵێن کوا مەسەلەی فیکری؟ تەنها کێشەکان شەخسینو لەپێناو ئیمتیازی زیاترو پۆستو پلەو شەریکە کۆمپانیاو ئەو شتە بێمانایانە ململانێ هەیە... هەر کەس لەوانە زیاتر دەیانەوێت تەمەنی ئەوجۆرە ئەدا گەندەڵە درێژتر بێت تا زیاتر سوودمەند بێتو گومانیشی تێدانییە ئەوجۆرە خۆخەڵەتاندنە خیانەتە بە پرسی ڕیفۆرمو پرۆسەی گۆڕان کە تەنها بوارە میللەتەکەمانی تێدا سەرفراز بێت... ئەوەش ئایندەو ئەوەش مێژوو.

**ڕۆژنامە: کاریگەریی حیزبەکان لەسەر پەرلەمانو حکومەتو دامودەزگاکان بەتایبەتی قەزائی چ بە ئیجابیو چ بە سلبی چۆن دەبینیت؟**

* ئـەمـجـارەش دەڵـێـم بـا سەیری تێگەیشتنی حیزبی سیاسیی کوردی بکەین لەسەر چەمکی دیموکراسی، دواجار ئەو تێڕوانینە دەبێتە بەراوردکاریی چۆنیەتی مامەڵەی حیزبەکان لەگەڵ دامودەزگاکانو پەرلەمانو حکومەتو سیستمی دادوەریی لە کوردستان.

ئەم هەرێمە بە دەستوورێکی دەنگپێدراو لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە پێویستە یاساو ڕێساکانی ڕێکبخات، ئێمە سەرەتا بە هەڵبژاردن یەکەمین پەرلەمانمان پێکهێنا، پەرۆشیمان بۆ دەنگدان دەبووە ساڕێژکەری ئەو زامو مەرگەساتانەی لە سەدەیەکی پڕ لە ئاشوبوماڵوێرانی بەسەرمان هات، ئەو دەمە نیازمان بوو پەرلەمانی هەڵبژێردراو حکومەتێک بەرهەم دەهێنێت پڕبێت لە خزمەتگوزارییو عەدالەتو شەفافیەت.. نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان جگە لە پشکی حیزبەکان، جەماوەرە بێلایەنەکەش هیواو ئومێدی لەسەر هەڵدەچنی، دروشمە ناخ هەژێنەکانی حیزبەکانو بەڵێنو گفتەکانیان کاریگەری تـەواوی لەسەر سایکۆلۆژی جەماوەر هەبوو، بەڵام هەر کە عەقڵیەتی خۆسەپێنی خێڵ ئەو هەموو دەستکەوتو پۆستو پارەو ئیمتیازەی کەوتە بەردەست، لەو چرکەساتەوە کەوتە عەودالبوونی پیلانی پاوانخوازیو خەڵکی فریودانو پیاوکڕینو ململانێی نێگەتیڤ، جاری یەکەم لەنێوانی حیزبەکان، دوایی لەناو یەک حیزبدا پاشان عاجزکردنی جەماوەرو بێهیواکردنیان لە گفتو بەڵێنەکان، ئیتر خێڵ خـۆی خستە پـەرلـەمـانـەوەو بە قسەی سەرۆک خێڵ بڕیاری دەدا چۆن پەیڕەوی حیزب توڕدراو ئیجتهادی تاکە شەخسی بـووە ئەلتەرناتیڤی، ئـاواش دەستوورو یاساو بڕیارو هەموو پێویستییە عەقڵانییەکان خرایە سندوقی ئیهمالکردن.... پەرلەمان وڕوو بێدەسەڵاتو مشەخۆر، حکومەت تەنها بۆ ڕازیکردنی دەستو پێوەند بوو، دەسەڵاتی دادوەریی تەنها بۆ بێ پشتو پەناو هەژاران بوو، لە جێی ئەوە دیوەخانی خێڵ لە جێگەی دادگا ناوێکی بۆ داتاشرا بەناوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یان ئەنجومەنی کۆمەڵایەتیو هەموو جۆرە بڕگەو مادەیەکی یاسایی کاری پێنەکرا، لەجیاتی ئەوە لە دیوەخانی خێڵدا بە سوێندو تەڵاقو دەعوەتو پارە گەورەترین تاوان چارەسەر دەکرا، ئەو داوایانەش کە خەڵکی لە ڕێگەی یاساییەوە تۆماریان دەکرد، تا هەنووکە لە ژوورەکانی بنکەکانی پۆلیس تۆزی لێنیشتووە، ئیتر دەسەڵاتی خێڵ خۆی لە دیسپلینە یاساییەکان ڕەها کردو هەموو کۆتو بەندە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییەکانی وەلانـاو گەڕانەوە بۆ سەردەمی یاسای دارستانو بەربەرییەت، چەندین تاوانی ژنـکـوژیو تەسفیەی فیزیکی لەسەر کێشەی سیاسیو شـەڕی دەسـەڵاتو کورسی بوو بە خۆراکی تێرکردنی غەریزە دوژمنکارانەکانی سەرۆک خێڵو دەستەو تاقمەکەی، کەواتە حیزبەکان بەو عەقڵیەتە دواکـەوتـووە کە موتوربەکراوە کە بە کەشوهەوای خێڵ کەوتە پاوانی سەرجەم دامودەزگاو شێواندنی، بۆیە کێشەکانی خەڵکی لەگەڵ دەسەڵاتی تا بێت توندترو گرژترو سەختتر دەبێت، چونکە خەڵکی باش لەو واقیعە گەیشتن کە ئەو نموونەیە کە کردیانە نوێنەری خۆیان، نەیتوانی جەخت لەسەر داواو گازندەکانیان بکات لەبەر دەستوەردانی حیزب تێیدا.

حیزبی کوردی بۆ هەموو ڕکابەرایەتییەی کە بیەوێت پارسەنگی بداتەوە، هێز دەکاتە فاکتەری یەکلاییکردنەوە... هەر ئەو دیدە سەلەفییەشە کە شەڕی براکوژی لێدەکەوێتەوە



*کادیری پێشکەوتووی یەکێتیی نیشتمانییە.

This is trial version
www.adultpdf.com

ئاشتی
دیموکراسی
مافی مرۆڤ
مافی چارەنووس

و ما أرسلناك إلا رحمة للعالمين

ئاشتی
دیموکراسی
مافی چارەنووس

# حیزبایەتی لـــ

پرسی حیزبایەتی لە زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتدا لە مانا جەوهەرییەکەی خۆی خاڵیکراوەتەوەو چووەتە قاڵبی دروشمو دروشمبازییەوەو لە جوغزی ئایدۆلۆژیای تەسکی سیاسییانەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بەپێچەوانەی ئەو ئاراستەیەوە کە زەمینەو سەرهەڵدانی ئەم رەهەندە بە ئامانجێکی پۆزەتیڤدا لەپێناوی ڕێکخستنی کۆمەڵگەو پرۆژە گشتییەکاندا دروستبووە، وەرگرتنی ئەم چەمکە وەکو تێزێکی عەقڵانیو تەندروست لە کوردستانیش نەبووەتە نەریتو بەشێک لە پرۆسەی سیاسیو پرۆژەی

# عەتا قەرەداغی، نووسەرو ڕووناکبیر: حیزبەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە خولقاندنی فەوزای کۆمەڵایەتیدا

**ڕۆژنامە: پێتوانییە پرسی حیزبی سیاسی لە کوردستان هێندەی لەژێر کاریگەری دروشمو عاتیفەو جوڵاندنی هەستی ناعەقڵانیدا چالاکە، هێندە لەسەر ئەجێنداو بەرنامەو پەیڕەوە گشتییەکانی خۆیدا نێگەتیڤانە کارناکات؟**

* هیگڵ لەبارەی خۆرهەڵاتەوە دەڵێت: «جیهانی خـۆرهـەڵات جیهانی خەیاڵو ئەندێشەیە»، جیهانێک کە مرۆڤ دەتوانێت مەستانە وەکو هەر ڕەگەزێکی زیندووی تری نێو سروشت بە چێژی خۆرسکی خۆیەوە بـژی، کەواتە کاتێک باسی کوردستان دەکەین، ناتوانین ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگرین کە کۆمەڵگەی کوردستان یان کۆمەڵگەی کـوردی، کۆمەڵگەی خەیاڵی ڕۆمانسیو سۆزو هەڵچوونو عاتیفەیەو لـەڕووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵگەی کوردی ئەگەر بڵێین کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی نییە، ئـەوە بێ چەندو چوون دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی مێردمنداڵە، واتە لە قۆناغی موراهیقی کۆمەڵایەتیدایە، ئەوەش ئاشکرایە کە قۆناغی موراهیقی چۆن بارگاوی کراوە بە سۆزو عاتیفەو هەڵچوونو خەیاڵی مـەودا فراوانی بێسەروبەر، کە لەو نێوەندەشدا مەسەلەی کارکردن بە عەقڵو بە لۆجیکی عەقڵو بە بنەماو چەمکی لێکدانەوەو تێڕامانی مەنتیقییانە، بوونی نییەو غائیبە، ئەمە جگە لەوەی کە لەسەر ئاستی گشتی، ژیانی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی سۆزو عاتیفەو هەڵچوون ئەو ڕووبەرە فراوانەی داگیرکردووەو مۆتیڤی هەموو جوڵەیەکە. ئەگەر لەوێوە بگوازینەوە بۆ نێو ڕووبەری سیاسیو ژیانی حیزبایەتی، ئەوا ناتوانین ئەم ڕووبەرە لەو سۆزو عاتیفەو هەڵچوونە پەرت بکەین، بەپێچەوانەوە ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاردەکاتو کاری پێدەکرێت، لەبری عەقڵی سیاسی، عاتیفەو سۆزو هەڵچوونی سیاسییە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین سیاسەتو کاری سیاسی لە کوردستاندا پەیوەندییەکی ئەوتۆی نییە بە زانستی سیاسیو بە چەمکو تێگەیشتنی سیاسییەوەو تەنانەت پەیوەندیشی نییە بە ڕۆشنبیریی سیاسییەوەو هەرکەس ئارەزوو بکات بەبێ بوونی هیچ کام لەو بنەمایانەی کە بۆ کەسێکی سیاسی پێویستە، دەتوانێت سیاسەتیش بکاتو پلەوپایەی سیاسیش بەدەستەوە بگرێتو بشبێتە ئەندامی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی حیزب، تەنانەت نەک هەر لە بواری ڕۆشنبیریی سیاسی بێئاگا بێت، بەڵکو ڕۆشنبیرێکی ئاساییش نەبێتو تەنانەت خوێندەوارییەکی ئەوتۆشی نەبێت، بۆ نموونە لە کوردستاندا زۆرینەی ئەوانەی لە پۆستەکانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی حیزبەکاندان، ئاستی زانینو بەئاگاییان لە سیاسەتو زانستی سیاسی لەدوای زانینو ڕۆشنبیریی سیاسیی زۆرێکی خەڵکی ئاسایی سەر شەقامو دەرەوەی حیزبەوەیە، ئەمە جگە لەوەی کە لەناو خودی حیزبەکاندا سەدان کادیری مامناوەند هەیە کە لە زۆرینەی سەرکردایەتییەکەی خۆیان خوێندەوارترو شارەزاترن، بەڵام لەبەرئەوەی پشتی خێڵو عەشیرەتو ناوچەگەرییان نییە، ناتوانن بچنە پێشەوەو لە هەڵبژاردنەکانی ناو حیزب خۆشیدا لەبەرئەوەی دەنگدان بەپێی تواناو لێهاتوویی نییە، ناتوانن ببنە خاوەنی ئەو دەنگەی کە بیانباتە سەرکردایەتییەوە.



لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێـت کە لە کۆمەڵگەیەکدا کە بێئاگا لە ڕۆشنبیریی سیاسیو لە کلتوورو عەقڵی سیاسی بتوانرێت مومارەسەی سیاسەت بکرێت، مانای وایە لەو کۆمەڵگەیەدا سیاسەتکردنو حیزبایەتیکردن شتێکی هێجگار کەم بەهایەو وەکو کارێکی ئاسایی دەردەکەوێت کە پێویستی بە بنەماو لێهاتوویيو تواناو ڕۆشنبیریی نییە، دیارە دەشێ مرۆڤ بە تاقیکردنەوە فێری هەندێک شت ببێت، بەڵام ئەوە بۆ بواری سیاسەتو حیزبایەتی نابێت. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سیاسەتو حیزبایەتی وەکو هەر پیشەیەکی تر کراوە بە هۆکارێک بۆ ژیانو لەنێوان کاری سیاسیو هەرجۆرە کاسبییەکی تردا، جیاوازییەکی ئەوەندە گەورە نییە، هەر چۆن بازرگانێک یان کۆمپانیایەکی بەرهەمهێن ریکلام بۆ بەرهەمو کاڵاکانی خۆی دەکات، لە کوردستانیش حیزب بە هەمان لۆژیک کاردەکات بۆ ڕەوایەتیدان بە هەموو ئەو کارانەی کە دەیکات، کە زۆرینەی ئەو کارانەشی دەیکات بە مۆتیڤی بەرژەوەندیی تەسکو سنوورداری دەستە یان بازنەیەکی تەسک لە سەرکردایەتیی حیزب دەیکاتو بنکردایەتیو جەماوەری حیزب کوێرانەو بێئاگایانە دوای دەکەونو لەژێر کاریگەری سۆزو عاتیفەدا چەپڵە لێدەدەن.

حیزبی کـوردی لەبەرئەوەی خاوەنی پـرۆژەی فیعلی نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو ئابووریو کلتووری نییە بۆ کۆمەڵگەو لەسەر بنەمای پـرۆژەو بەرنامەو جیهانبینییەکی ئاشکراو جێگیر دروست نەبووەو بەرهەمی کاردانەوە یان عەقڵی تاکەکەسە، یان هەر لە بنەڕەتدا بە کاریگەری دەوروبـەر یان بە چاولێکەریی دروستکراوە، بەرهەمی سروشتیی پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵگە نییەو زۆرینەی ئەوانەشی کە لە کوردستاندا سیاسەتیان کردووەو تا ئێستاش سیاسەت دەکەنو لە ئاستی سەرەوەی دامەزراوەکانی حیزبدان، لەبری لۆژیکی عەقڵ بە عاتیفە کاردەکەنو لە بنەڕەتیشدا لەبری بوونی عەقڵی سیاسی، هەڵگری عاتیفەی سیاسینو دەتوانم بڵێم زیاتر شاعیرانە بیردەکەنەوەو لەژێر کاریگەری سۆزو هڵچووندا دەجوڵێنو ئەوانەی کە لە سەرکردایەتیی حیزبدان کە بەوجۆرەبن، ئەوە هەموو ماشێنی حیزب بە ڕۆحی ئەوان ئیش دەکات کە بزوێنەرەکەی سۆزو عاتیفەیە، لە بەرامبەر سۆزو عاتیفەدا کەس نازانێت بەرنامەو پەیڕەوو ئەجێندای حیزبی کوردی چییە، بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە هەر حیزبێکی کوردی پەیڕەوو پرۆگرامی نووسراوی خۆی هەیەو دەیان دروشمو خاڵی گەشی تێدا تۆمارکراوە، بەڵام داخۆ لە بواری پراکتیکدا تا چ ئاستێک ئەو بەرنامەو پەیڕەوە کاری بۆ دەکرێتو دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە،حەزدەکەملێرەدانموونەیەک لەسەر یەکێتیی نیشتمانی بهێنمەوە کە بەلای منەوە دیارترین حیزبی کوردستانە کە لە ڕووی ڕێکخستنەوەو لە ڕووی بەرنامەو پەیڕەوی دانراوو نووسراوەوەو لەڕووی ئەو دروشمانەی کە بەرزی کردووەتەوە، خاسێتی حیزبێکی جەماوەریی هەبێت کە بەپێی ئەو بەرنامەو پەیڕەوو دروشمانە بە ئاشکرا لە دامـەزراوەی خێڵ جیادەبێتەوە، بەڵام داخۆ ئەم حیزبە لە بواری پراکتیکدا تا چ ئاستێک هەوڵی جێبەجێکردنی بەرنامەو پـەیـڕەوو دروشمەکانی خـۆی داوە، تا چ ئاستێک خۆی لە فریودانی ئەندامانی خـۆیو لایەنگرانیو جەماوەری خەڵکی کوردستانیش بەدوور گرتووە، بە دروشمو ڕاگەیاندنی عاتیفە گەشو بریقەدارو دوور لە جێبەجێکردن جەماوەری فریو نەداوە؟ بۆ نموونە هەمیشە ئەوە دووبارەو سەدبارە دەکرێتەوە کە یەکێتی حیزی ڕەنجدەرانی بیروبازووە، بەڵام بە بەرچاوی هەموومانەوە ئیفلیجترین ئاغاو بەگو شێخ کە دەشێ بەشی زۆریشیان کۆنە بەعسیو کۆنە مستەشارو کۆنە پێشمەرگە کوژبووبن، کەچی بە دەیان قۆناغ لەپێش زەحمەتکێشانی بیروبازوو تەنانەت لەپێش پێشمەرگە دێرینەکانیشەوە دادەنرێنو دیوەخانانەو پیاوماقوڵانەیان بۆ دەبرڕێتەوەو خودی مام جەلالو زۆرینەی سەرکردایەتیش بۆ سوکایەتیکردن بەو جەماوەرە زەحمەتکێشەی بیروبازوو کە لە قۆناغی خەباتی شاخدا پشتو پەنای یەکێتی بوون، دەچنە دیوەخانی ئەم ئاغاو بـەگو شێخانەو پـولو پـارەو پـرۆژەی ئاوو کارەباو نەخۆشخانەو قوتابخانەو پردو بەنزینخانەو کۆمپانیایان بەسەردا دەبارێنن، تەنانەت ئەو زەوییانەشی کە لە ساڵی ١٩٥٩ بەدواوە لە ڕێگەی بڕیارەکانی چاککردنی یاساکانی کشتوکاڵەوە بەسەر جوتیارانی کوردستاندا دابەشکرابوون، یەکێتی لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا ئەو زەوییانەی جارێکی تر دایەوە بە ئاغاو بەگو شێخەکان. هـەروەک ئەم حیزبە بە خۆی دەڵێت سۆشیال دیموکراتو بە ڕاستیش بووەتە ئەندامی سۆشیال ئینتەرناسیۆنال، بەڵام ئەوەی لە کاری حیزبیو بەڕێوەبردنو

> **حیزبی کوردی حیزبی بەرنامەو ئەجێنداو پەیڕەوو پرۆگرام نییە، بەڵکو دامەزراوی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە کە سۆزو عاتیفەو هەڵچوونو عەقڵی ڕۆمانسییانەی سیاسیی سەرۆک یان سکرتێر نەک عەقڵی سیاسی، بەڕێوەیان دەبات**

کارکردنی فیعلی لە چوارچێوەی پەیڕەوو پرۆگرامی سۆشیال ئینتەرناسیۆنالدا لە ناوخۆی کوردستاندا دەیکات، تا چەندێک شوناسی حیزبێکی سۆشیال ئینتەرناسیۆنال وەردەگـرێـت؟ هەموومان ئەو ناکۆکیو نەگونجاندنەی بوونی یەکێتی یان هەر حیزبێکی تری کـوردی لەگەڵ بەرنامەو پەیڕەوو ئەو ناونیشانانەی لەخۆیانی دەنێن دەبینین، کە بە ئاشکرا دەریـدەخـات کە حیزبی کوردی حیزبی بەرنامەو ئەجێنداو پەیڕەوو پرۆگرام نییە، بەڵکو دامەزراوی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە کە سۆزو عاتیفەو هەڵچوونو عەقڵی ڕۆمانسییانەی سیاسیی سەرۆک یان سکرتێر نەک عەقڵی سیاسی، بەڕێوەیان دەبات، کە لەو سەروبەندەشدا کەسی سەرۆک یان سکرتێر لەبری هەموو حیزب بە سەرکردایەتیو بنکردایەتییەوە بیردەکاتەوەو لەبری هەموانیش بڕیار دەداتو زیاتریش ئـەو بیرکردنەوەو بڕیاردانانەش سۆزو عاتیفە بەسەریاندا زاڵە نەک بەرنامەو پرۆژەو ئەجێندای حیزبی. یەکێک لە کارەساتە ترسناکەکانی واقیعی حیزبایەتیش لە کوردستان، ئەو ڕۆڵەیە کە سەرۆک یان سکرتێری حیزب دەیبینێت کە پلەیەکە، ئەوەی ئەو دامـەزراوە حیزبییەی قبوڵ بێت بۆ کار تێداکردن لە بەرامبەر ئەو مافانەی وەریدەگرێت، ئەرکێکی گرنگی لەسەر شانە، ئەویش بە پیرۆز سەیرکردنی سـەرۆک یان سکرتێرو ڕەوایەتیدانە بە هەموو ئەوەی کە کەسێتیی یەکەم دەیکاتو دەیڵێت، ئەم ئەخلاقو کلتوورە حیزبییەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیەو کاردەکات، هەمان کلتوورو عەقڵیەتی دروستکردنی تاکە سەرکردەو تاکە ڕابـەرو پەرستنی کەسی یەکەمە، هەمانشێوەی ئەو کلتوورو عەقڵیەتەی کە لە سیستمو هەرەمی دەسەڵاتی دینیدا هەیە کە سیستمی بیرکردنەوە نییە، بەڵکو سیستمی ملدانو قبوڵکردنی کوێرانەیە، لەمجۆرە کارکردنەشدا بوار بۆ کارکردنی عەقڵ زۆر لاواز دەبێتو هێزی سۆزو عاتیفەو سەرسامبوونی کوێرانە باڵادەست دەبێت، بۆ نموونە زۆرینەی ئەوانەی لە کوردستاندا ئەندامی حیزبێکی وەکو پارتی دیموکراتن یان بنەماڵەکانیان هەر لە سەرەتاوە دڵسۆزو شوێنکەوتووی بارزانی بـوونو ئەوەش نەوە بە نەوە گواستراوەتەوە، یان ئەوانەن کە دڵسۆزو لایەنگری کاک مەسعودن، هەروەک زۆرێک لەوانەشی کە یەکێتین یان شوێنکەوتووانی خەتی جەلالین، یان ئەگەر نەوەی دوای سەردەمی مەلاییو جەلالیش بن، لەوانەن کە سەرسامن بە کەسێتیی لێهاتوو بە توانای مام جەلال. لەلای پارتی وتەکانی کاک مەسعود لەبری پەیڕەوو بەرنامەو ئەجێنداو گوتاری حیزبە، هـەروەک لەناو یەکێتیش وتەکانی مام جەلالو دروشمەکانی لەبری هەموو بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامێکی حیزبە، کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە حیزبی کوردی حیزبی بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامو ئەجێندایەکی عەقڵانیو پرۆژە نییە بەو ئەندازەی کە حیزبی تاکە سەرکردەو حیزبی ڕۆمانسیەتی سیاسیو حیزبی عاتیفەو هەڵچوونو کاردانەوەیە.

**ڕۆژنامە: تا چەند ئەو گرژییە نائیدارییو سیاسییەی کە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە دەرئەنجامی خراپ پیادەکردنی پرۆسەی حیزبایەتیکردنە لە کوردستاندا؟**

* گرژیو پەشێویی نائارامی کوردستان لـە هـەمـوو ئاستەکانداو لـە سـەرووی هەمووشیانەوە لە بوونی ئەنتۆلۆجیانەی کەسێتیی کوردیدا، زۆر هۆکاری هەیە کە خودی حیزبیش لەم کۆمەڵگەیەدا ئالودە بووە بەو نائارامیو پەشێوییو گرژییەی کە خاسێتی دیاری تاکی کوردیو کۆمەڵگەی کوردیشە بە گشتی، کەسێتیی کـوردی لە ئەنجامی پرۆسە یەکبەدواییەکانی کۆلۆنیلیکردنی کوردستاندا بە جۆرێک تێکشکاوە کە نەیتوانیوە خۆی دروستبکاتەوە، هیچ پرۆژەیەکی ڕێنیسانسیش لە کوردستاندا سەریهەڵنەداوە هەتا ڕۆڵـی هەبێت لە بیناکردنەوەی ئەو کەسێتییە تێکشکاوەدا، لە ڕووی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتییەوە تاکی تێکشکاو هەمیشە تاکێکی گرژو پەشێوو نـائـارامو نیگەرانەو هەمیشە هەست بە کەموکورتی دەکاتو دەیەوێت ئەو هەست بە کەمیکردنەو ئەو گرێی هەست بە کەمیکردنەی کە هەیەتی، پڕی بکاتەوە، ئەوەش هەروا بە ئاسانی بـەدی نایەت، سەرئەنجامی نەگەیشتن بە ئاستی خۆ دروستکردنەوە یان تێربوونو پڕکردنەوەی ئەو باری هەست بە کەمیکردنە، ئەو بارە سایکۆلۆژییە نائاساییە دروستدەبێت. بە بڕوای من حیزبی کوردی کە لەم واقیعە تێکشکاوەدا دروستبووە، ناتوانێت لە کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو باکگراوندە کۆمەڵایەتیو سیاسیو مەعنەوییە ڕزگـاری ببێتو وەکو حیزبی کۆمەڵگەیەکی ئاسایی دەربکەوێت، حیزبی کوردی زیاتر لەوەی کە هۆکاری ئەو هەموو پەشێوییو نائارامی گرژییە بێت، بۆ خۆشی ئەنجامو بەرهەمی ئەو بارە نائاساییەیە. ئێمە لە قسەکانی پێشووماندا لەوە دواین کە حیزبی کـوردی چۆن بە ناسروشتی لەدایکبووەو چۆن لەجیاتی ئەوەی بەرهەمی پرۆژەو دروستکراوی دەستی ئیلێت یان گوڵبژێر بێت، چۆن کـاردانـەوەو سۆزو عاتیفەی ڕۆمانسییانەو گەنجانە دروستی کـردووە. دیـارە حیزبێک کە بەمشێوە نائاساییە دروست بووبێت، لەکاتێکدا دەبێتە بەرپرس لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، ڕۆڵی خراپو نێگەتیڤی دەبێتو ناتوانێت کلتووری لێبوردەییو یەکتر قبوڵکردنو بڕوابوون بە ڕاوبۆچوونی جیاوازو فرەدەنگیو فرە ڕەنگی بینابکات، ناتوانێت لە بەڕێوەبردندا تەکنۆکراتانە کاربکاتو لە ڕووی داراییەوە شەفاف بێتو کار بۆ جێبەجێکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیو چەمکی هاوڵاتیبوون بکات، ئەگەر حیزبێک نەتوانێت ئەم کارانە بکاتو لەو پێناوەدا خەبات نەکات بە فیعلی، ئەوا ناتوانێت پەشێوییەکانی ناو کۆمەڵگەو بارگرژییەکان خاوبکاتەوە، دیارە حیزبی کوردیش بێ چەندو چوون لەو ئاستەدا نییە کە نە فرەدەنگیو نە چەمکی لێبوردەییو نە عەدالەتی کۆمەڵایەتیو نە چەمکی هاوڵاتیبوونو نە شەفافیەت بینابکات، کەواتە بە ئاشکرا ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە زیاتر برەوپێدانو گەورەکردنی گرژیو پەشێوییو نائارامیو تەنانەت لە خولقاندنی فەوزای کۆمەڵایەتیشدا.

**پۆزش**
عەبدولکەریم فەتاح، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری ژیارە نەک گۆڤاری هەژان، کە لە ژمارەی پێشوودا بەهەڵە نووسرابوو.

This is trial version
www.adultpdf.com

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٢٨٩ –R١**

پرۆژە: ئامادەکردنی سێتی ئەندازیاری بۆ پرۆژەی دروستکردنی هۆڵی داخراو لە سلێمانی (دووبارە)
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٦ کاتژمێر ¬–٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو نوسینگەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن مۆڵەتی (یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان)یان پێبێت.
٢- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٣- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٤- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٥- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٦- نوسینگە بەرپرسە لە بوونی هەموو کەموکوڕییەک کە لە دیزاینی پرۆژەکەدا هەبێت تا تەواوبوونی پرۆژەکە.
٧- پێویستە نوسینگە سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکات (کارگێڕیو خۆجێیەتی- پلاندانان) بۆ زانیاری سەبارەت بە پرۆژەکە.
٨- بەشداربوو مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٦٨ –R١**

پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی خانوو لە چوارتا+ گەیاندنی کارەبا لە گوندی بایاوە لە ماوەت
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٤ کاتژمێر ¬–٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١,٥٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٦٩ –R١**

پرۆژە: دروستکردنی سیاج بۆ سەرقەبرانی فەقێیان+ دروستکردنی ژوورێک بۆ هاڕاوەی کلۆر لە راپەڕین+ دانانی بۆری ئاوەڕۆ بۆ گەڕەکی (٣٨) ابراهیم احمد
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٤ کاتژمێر ¬–٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١,٥٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی شارەوانی
بەڕێوەبەرێتی شارەوانییەکانی سلێمانی
سەرۆکایەتی شارەوانی حاجیاوا
بەشی هونەری

ژمارە: (٢٥٦٤)
بەروار: ٢٠٠٨/١١/٩

**ئاگاداری**
ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگای سلێمانی (٤٢٢٦) لە (٢٠٠٨/١١/٥) شارەوانیمان هەڵدەستێ بە جیاکردنەوەی رووبەری موڵکی ژمارە (١/٤٦٤٤) لە کەرتی (٣٦) میرەیەک بۆ دوو بەشە بۆ بەرژەوەندی (لشکر ابراهیم مستەفا) داوا لە دانیشتوانی سنووری شارەوانییەکەمان دەکەین هەر کەسێک رەخنەو پێشنیاری هەیە با لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە سەردانی شارەوانیمان بەشی هونەری بکات.

**مافناس**

**خضر حاجی رسول**
**سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا**

دادگای بەرایی سلێمانی/٣
ژمارە: ٣٥٣٨/ب/٢٠٠٧
بەروار: ٢٠٠٨/١١/٦

**ئاگاداری**
داواکار/ نوری عارف سعیدو شەریکەکانی بریکارەکەیان درسیم محمد امین
بۆ داوا لەسەرکراوان: ١- سەردار جبار کاکەڕەش
٢- هۆگر جبار کاکەڕەش
٣- علی صالح رضا
٤- کۆچەر جبار کاکەڕەش
٥- هیوا صالح رضا
بۆ کەسی سێیەمەکان/ ١- دیلمان یوسف محمد ٢- فریق رۆوف سعدون
ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/٣٠ بڕیارێکی دەرکردووە بە نەهێشتنی هاوبەشەکان بە فرۆشتنی لەسەر موڵکی ژمارە ١٣٣/٢٣و١٣٤و ١٢٥کەرتی ٢٠ بارەمەردە لەبەرئەوەی شیاوی بەشکردن نەبوو لەنێوانتاندا وە لەبەرئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنان نادیارە ئاگادارتان ئەکەینەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی نارەزاییو پێداچوونەوە بکەن لەم بڕیارە، بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

**دادوەر**
**هاشم عبدالحامد**

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی دوکان

ژمارە/٣٩٦/ب/٢٠٠٨
رۆژ/ ٢٠٠٨/١١/٩

**ئاگانامە**
داواکراو: کامەران جمال رسول
داوالێکراو: راستگری تۆماری باری شارستانی لە (پیرەمەگرون) وێڕای کارەکەی
داواکار ( کامەران جمال رسول ) داوای سەرەوەی لە دادگاکەمان تۆمار کـردووە بۆ ناو گۆڕین لە (ئەسرین )وە بۆ (دیە) بۆیە بڕیارماندا بـــــە بڵاوکردنەوەی لــە رۆژنامەیەکدا بەپێی مـادەی(٢١) لە یاســـــایی باری شارستانی، جاهـەر کەس مافی رێگرتنی (اعتراز)ی هەیە لە ماوەی (١٠) رۆژدا لـــە دوایی بڵاوکردنەوەی
ئەم ئاگانامەیەوە ســــەردانی دادگاکەمان بکات، بەپێچەوانەوە داواکەی ئەبینرێ بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**کامەران حسن فەرەج**

وزارة العدل
مديرة تەسجيل عاقارى العامة
دائرة تەسجيل العاقارى فى طق طق

نموزج **(٢٨)** تسجيل
العدد ١٧٤
بتائريخ ٢٠٠٨/١١/١٠

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذة الدائرة بتاريخ ٢٠٠٨/١١/١٠ لتسجيل
تمام العقار تسلسل **(٢٥)** مقاتع **(١)** طق طق محلة رزگارى
باسم سريست عزيز حەمەشريف مجددا باعتبارة
حائزا لة بصفة المالك للمدة القانونية. ولفرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفق احكام قانون
التسجيل الغقارى رقم **(٤٣)** لسنة ١٩٧١ قررنااعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوقمعينة على هذا العقار تقد يم مالد ية من بينات الى هذا الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنثرة هذا العلان كذ لك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا العلان وذ لك لاثبات حقوقة موقعيا في الكشف الذي يجرى فى اليوم لمذكور لهذا العرض

ياسين ابراهيم صاير
مدير دائرة تسجيل العقارى في طق طق

وزارة العدل
مديرة تەسجيل عاقارى العامة
دائرة تەسجيل العاقارى فى طق طق

نموزج **(٢٨)** تسجيل
العدد ١٧٣
بتائريخ ٢٠٠٨/١١/١٠

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذة الدائرة بتاريخ ٢٠٠٨/١١/١٠ لتسجيل
تمام العقار تسلسل **(٢٤)** مقاتع **(١)** طق طق محلة رزطارى
باسم دلشاد عزيز حەمەشريف مجددا باعتبارة
حائزا لة بصفة المالك للمدة القانونية. ولفرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وف ق احكام قانون
التسجيل الغقارى رقم **(٤٣)** لسنة ١٩٧١ قررنااعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوقمعينة على هذا العقار تقد يم مالد ية من بينات الى هذا الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنثرة هذا العلان كذ لك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا العلان وذ لك لاثبات حقوقة موقعيا في الكشف الذي يجرى فى اليوم لمذكور لهذا العرض

ياسين ابراهيم صاير
مدير دائرة تسجيل العقارى في طق طق

This is trial version
www.adultpdf.com

# هەموومان دەشێت بە دەردی جەنەراڵی پایز بچین

ڕێبین هەردی



هەموومان لەبەردەم هەڕەشەداین، هەموومان دەشێت لەپڕ ڕێکەوت بمانخاتە بەردەم پۆلیسێکی بێئاگاو بە قۆناغە تفەنگو سوکایەتی پێکردنو کەلەبچەوە دەستگیرمان بکات، تەنها لەبەرئەوەی گوێی لە قسەیەک یان توڕەبوونێک یان دەردەدڵێک بووە کە بەدڵی ئەو نییە، هەموومان دەشێت وەک جەنەراڵی پایز بکەوینە بەر ڕەحمەتی خەڵکانێکی نەخوێندەوارو دڵڕەقو دوور لە یاسا، کە بەناوی یاساو بە جلوبەرگی یاساو بە کەرەسەی یاساییەوە بەدڵی خۆیان سوکایەتیمان پێبکەنو کەلەبچەمان بکەنە دەست. کە جەنەراڵی پایز پارێزراو نەبێت، کە شاعیری گەڵاڕێزانو ئێوارانی غوربەت پارێزراوو جێی ڕێز نەبێت، ئیدی کێ لەم وڵاتەدا پارێزراوو ڕێزلێگیراو دەبێت.

سەیرە کەسێک خەڵکی سلێمانی بێتو حەمە عومەر عوسمانی شاعیر نەناسێت، خۆ ئەگەر حەزت بە ئەدەبو شیعریش نەبێت، ئەوا دەبێت یەکێک لەو گۆرانییە خۆشانەت بیستبێت کە لە هونراوەکانی حەمە عومەر عوسمانن، خۆ ئەگەر گوێ لە گۆرانیش ناگریت، دەبێت ئەو کلیپە جوانەی گۆرانییەکەی هونەرمەند عەدنان کەریمت بینیبێت کە لە سیما شاعیرییەکی حەمە عومەر عوسمان دروستکراوە، خۆ ئەگەر هیچ یەک لەمانەشت نەبیستبێتو نەدیبێت، ئەوا ئەستەمە خەڵکی شاری سلێمانی بێت. سەیرە لە سلێمانیدا بیتو شاعیری پایزو وێنەو سیما سۆفی ئاساکەی حەمە عومەرت نەبینیبێت، هەموومان حەمە عومەر دەناسین، تەنها پۆلیسەکانی بنکەی تووی مەلیک نەبێت. بەپێی هەواڵێک کە سایتی ئاوێنەو چەندان ڕۆژنامەو سایتی جیاواز بڵاوی کردووەتەوە، پۆلیسەکانی ئەو بنکەیە لە شەوی پێنجشەممەدا حەمە عومەر عوسمان نەک هەر دەستگیر دەکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر ناشرینانە پەلاماری دەدەنو سوکایەتی پێدەکەنو ئازاری پێدەگەیەنن، ئەم هەواڵە لە هەموو ڕوویەکەوە سەیرە! پۆلیسەکان یەکێک لە باشترین شاعیرەکانی شاریان بەناوی ئەوەوە گرتووەو ئەشکەنجە کردووە کە جنێوی بە حکومەت داوە، بەڵام مرۆڤ دەبێت بپرسێت ئەرێ برا پۆلیس چ کارێکی بەوەوە هەیە خەڵکێک قسە بە حکومەت دەڵێت یان نالێت، لێی ڕازییە یان ناڕازی، دڵی پێی خۆشە یان ناخۆش... چ یاسایەک، چ نووسراوێک ڕێگە بە پۆلیسی وڵات دەدات دەستبخاتە بیروڕای خەڵکییەوە؟ تۆ بڵێی وەزارەتی ناوخۆ بە پۆلیسەکانی ڕاگەیاندبێت ئەو شتە قەدەغە بکەن کە هەموو یاساکانی وڵات ڕێگەی پێداوە: ئازادیی بیروبۆچوون؟ ئێمە هەمیشە گلەییمان لەوە هەبوو کە ئاسایش نابێت کاری بەسەر بیروڕای خەڵکییەوە هەبێتو خەڵک لەسەر لێدوانو قسەکانی دەستگیر بکات، ئێستا پۆلیسیشی هاتە سەر؟ ئەرێ ئێمە بۆ پێشەوە دەچین یان بۆ دواوە؟ سنوورەکانی ئازادی گەورە دەکەین یان ڕۆژ بە ڕۆژ تەسکی دەکەینەوە؟

لێدوانی بەرپرسەکانی پۆلیسو وەزارەتی ناوخۆ کە باسی ئەوە دەکەن جەنەراڵی پایز جنێوی داوەو قسەی بە سەروەرییەکانی وڵات وتووە، بەهانەیەکە کە خۆی لە خۆیدا ڕیسواییە، چونکە پۆلیس چ کارێکی بەم قسانەوە هەیەو ئەو یاسایە کامەیە کە بڵێت دەبێت پۆلیس ئەو کەسانە بەر شەقو قۆناغە تفەنگ بدات کە قسە بە حکومەت دەڵێن؟ کەیو چۆنو بە چ بڕیارو یاسایەک پۆلیسەکانی وڵات بوون بە سانسۆرکەرو چاودێرکەری بیروڕاوو بۆچوونو قسەی خەڵک؟ لە ڕاستیدا بەهانەکە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕیسواییەو ئێمەی هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە شەرمەزار دەکات، چونکە وابڕیارە ئەم وڵاتە مافەکانی ئازادیو دیموکراتیو مرۆڤی دەستەبەر کردبێتو وەک وڵاتێکی دیموکراتو کراوە ڕەفتار بکات، وڵاتێک بێت چوونیەک تەماشای لایەنگرانی حکومەتو نەیارەکانی بکاتو چوونیەکیش مافەکانیان بپارێزێت، خۆ ئەگەر وڵات بەدەست ئەو کارمەندو فەرمانبەرانەوە بێت کە قسە وتنو ڕەخنەگرتنو نەیارێتی بۆ سیاسەتەکانیان قەدەغە بکات، ئیدی چ جیاوازییەکمان لەگەڵ ڕژێمی بەعسو هاوشێوەکانیدا دەبێت. ئاخر تەنانەت دڕندانەترین دیکتاتۆرەکانیش ئەگەر قسەو ڕەخنەو جنێویان پێنەدەیت، هەرگیز توخنت ناکەونو ناتگرنو ئەشکەنجەت ناکەن، خۆ لە سەردەمی سەدام حسێنیشدا ئەگەر هاوڵاتییەکی ئارامو بێدەگ بووینایەو هیچ قسەیەکی خراپمان بە بەعسو دارودەستەکەی نەوتایە، کەس نەیدەتوانی پەنجەیەکمان بۆ بەرێت، بەپێچەوانەشەوە چەندان کەس زیندانیو ئەشکەنجە کراون تەنها لەبەرئەوەی قسەیەکیان بە سەرۆکی فەرماندە وتووە، ئێمە لە چ وڵاتێکدا دەژین، لە وڵاتی پاش سەدام حسێن یان پێش سەدام حسێندا؟

دەڵێن حەمە عومەر عوسمان جنێوی بە حکومەت داوە؟ باشە پۆلیس چ کاری بەوەوە هەیە جنێوی داوە یان نا؟ پۆلیس چ کاری بەوەوە هەیە خەڵک چ دەڵێن یان ناڵێن؟ ئەرکی ئەوان پاسەوانیکردنی ئارامیو ئاسایشی هاوڵاتییانە یان سانسۆری بیروبۆچوونو تووڕەیی خەڵکی؟ ئەوان چ کارێکیان بەوەوە هەیە خەڵک چۆن بیردەکەنەوەو چ دەڵێن؟ کێ ڕێگەی بە پۆلیس داوە کۆمەڵێک گەنج کە لەم شاعیرە بەناوبانگە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی قسەیان بۆ بکات، بە کۆبوونەوەی ناشەرعی لەقەڵەم بداتو هەوڵی بڵاو پێکردنەوەیان بە زۆر بدات، ئەمە لەکاتێکدا ئازادیی کۆڕو کۆبوونەوە بە هەموو گروپێکی ئەم وڵاتە بەخشراوە، چ لە ڕێگەی دەستووری عێراقییەوە بێتو چ لە ڕێگەی پرۆگرامو دروشمەکانی حیزبە کوردییەکانەوە بێت. لێدوانەکانی هەندێک لە بەرپرسیارانی وەزارەتی ناوخۆ باسی ئەوە دەکات جەنەراڵی پایز بە کۆکردنەوەی خەڵک خەریک بووە نەزمی شار تێکبدات، مرۆڤ لەم ڕوونکردنەوانە شەرم دەکات، ئاخر شاعیرێک چەند کوڕێکی گەنجی عاشقی شیعرەکانی لەدەوری کۆبوونەتەوەو پرسیاری لێدەکەن، چۆن بە تێکدانی نەزمی شار وەسف دەکرێت، ئەگەر ئەمە وابێت، دەبێت هەموو ئەستێرەیەکی بەناوبانگی ئەدەبو سینەماو هونەرو تەنانەت سیاسیی جیهان کە هەمیشە دەرکەوتنیان لە شوێنە گشتییەکاندا دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی خەڵک لەدەوریان، بە تێکدانی ئاسایشی وڵات لەقەڵەم بدرێتو بە شەقو زلە بگیرێنو کەلەبچە بکرێن؟ ئایا بێمانا نییە کۆبوونەوەی خەڵکی لەدەوری شاعیرێک، وەرزشکارێک، هونەرمەندێک، سیاسییەک کە لە شوێنێکی گشتیدا دەرکەوتووەو لایەنگرو موعجیبەکانی لەدەوری کۆبوونەتەوە، بە تێکدانی نەزمی شار لەقەڵەم بدەین؟ خۆ ئەگەر وابێت، دەبێت هەموو ڕۆژێک ئەو سیاسیو هونەرمەندو شاعیرانە دەستگیر بکرێن کە بینینیان لە هەندێک شوێنی گشتیدا، دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی موعیجبەکان لەدەوریان، ئایا دەکرێت ئەگەر هەنووکە بکەرێکی سیاسیی بەناوبانگ لەناکاو لەناو بازاڕی سلێمانیدا دەرکەوێتو لایەنگرانو دۆستانی کە بێگومان بە بینینی لەدەوری خڕدەبنەوەو دەیکەنە قەرەباڵغی، بە بیانووی تێکدانی نەزمی شار دەستگیر بکەین؟ بەهانەکان نەک قانعپێکەر نین، بەڵکو خۆیان لەخۆیاندا ڕیسواییەکی ترن.

ئەو کەسانەی ڕووداوەکەیان بینیوەو بۆیان گێڕامەوە، باسی پەلامارێکی دڕندانەی چەند پۆلیسێک دەکەن کە بە قۆناغە تفەنگو بە چەند کەسێک دەکەونە گیانی ئەم شاعیرە خۆشەویستە، کە هەموومان بە توڕەبوونو هەڵچوونەکانی نەک ڕاهاتووین، بەڵکو وەک بەشێک لە کارەکتەری مرۆڤێکی پاکو بێ درۆو دڵساف مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە، ئەم شارە ئەگەر شانازییەکی هەبێت، ڕوویەکی جوانی لە مێژووی کوردا هەبێت، مێژوویەکی پرشنگداری بۆ خۆی تۆمار کردبێت، ئەوا لە بەشێکی زۆریدا دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەی ئەو نووسەرو شاعیرو ڕۆشنبیرە داهێنەرانەی کە ئەم شارە بە درێژایی مێژووی خۆی بەرهەمی هێناوە، بە خۆڕایی نییە ناوی پایتەختی ڕۆشنبیریان لە سلێمانی ناوە، ئەم ناوە پڕ شانازییە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرانو قەڵەمە ناسکەکانی کەسانی وەک حەمە عومەر عوسمان، ئەو داهێنانەی ئەم شاعیرە بە دیوانێکی خنجیلانە پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە، زۆر نەمرترو جێی شانازیی زیاترە نەک هەر لە کاروکردەکانی ئەم وەزارەتە ناوخۆییە، بەڵکو لە کۆی کاروکردەوەکانی حکومەتیش. نەتەوەکان بە کلتوورو ڕۆشنبیریان نەمرن، نەک بە حکومەتو دارودەستەکانیان، ئەمەشە وادەکات هەموو نەتەوەو دەوڵەتو حکومەتێکی دیموکراتیو کراوەو مۆدێرن شانازیی بە داهێنەرەکانییەوە بکات، نەک کۆمەڵێک پۆلیسی نەخوێندەوار بخاتە ناو شارەوە کە کەس ناناسنو بەشێوەیەکی نایاساییو دوور لە هەر ڕەوشتێکی مۆدێرنانە وەڵامی توڕەبوونو (با بڵێین جنێوەکانی)، بە قۆناغە تفەنگو سوکایەتی پێکردنو کەلەبچەکردن لەبەردەم دەیان خەڵکدا بدەنەوە.

لێدوانی هەندێک بەرپرسیاری وەزارەتی ناوخۆ کە وەک پیشەی هەمیشەییانو بۆ ڕەوایەتیدان بە کارە ناشرینو قبوڵنەکراوو بێماناکانیان، بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە گوایە جەنەراڵی پایز جنێوی بە شەهیدان داوە، بیانوویەکی هێندە دزێوو ناشرینە کە یەک کەس نادۆزنەوە بڕوای پێبکات، جارێ نە ئێوەو نە هیچ کەسێکی دی بۆتان نییە خۆتان بکەنە میراتگری شەهیدە نەمرەکانی کوردستان، میراتگری ڕاستەقینەی شەهیدانی کوردستان خەڵکی کوردستانن نەک ئێوە، خوێنی ئەوانیش لەپێناوی کورسیو دەسەڵاتی ئێوەدا نەڕژاوە، بەڵکو بۆ ئازادیی ئێمەو خەڵکی ئێمە ڕژاوە، ئەو مرۆڤە مەزنانە شەهید بوون بۆ ئەوەی هەزاران کەسی وەک شاعیری پایزو هەموو خەڵکی کوردستان ئازادبنو ئازاد بژین، نەک بۆ ئەوەی ببنە بیانووی قۆناغە تفەنگو کەلەبچە ناشرینەکانی ئێوە تا خەڵکی پێ ئازارو ئەشکەنجە بدەنو سوکایەتی پێبکەن. شەهیدە مەزنەکانی ئەم وڵاتە بۆ ئێمەو ئازادییەکانی ئێمە خۆیان داوە بەکوشت، نەک بۆ کورسیو قۆناغە تفەنگەکانی ئێوە، ئەوان بە هەقیەقەت پێشمەرگی ئێمە بوون، مردن بۆ ئەوەی ئێمە بژینو ئازادبین، نەک بۆ ئەوەی هەندێک پۆلیسو تفەنگ بەدەست بیانکەن بە بیانوو بۆ لێدانو سوکایەتیکردنو زەوتکردنی کەرامەتو ئازادیی مرۆڤایەتی ئێمە، ئیدی بەسەو واز لەم نەریتە بهێنن کە هەرکاتێک ویستان ڕەوایەتی بە دزێوترین کارەکانتان بدەن، ناوی ئەو مرۆڤە مەزنو پیرۆزانە دەهێننە ئاراوە، ئێوەن بەم کارەتان گەورەترین سوکایەتی بە شەهیدو خەباتەکەیو دەستکەوتەکانی دەکەن، چونکە ناوی ئەو مرۆڤە مەزنو گەورانە ئالودەی ناشرینترینو دزێوترین کردەوەکان دەکەن.

هەڵبەتە ئەگەرچی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی سوکایەتیو ئازاریان بە شاعیری پایز گەیاندووە، هەنگاوێکی ڕاستە، بەڵام ئەوە چ شتێک بۆ جەنەراڵی پایز دەگێڕێتەوە؟ ئەوان کە ئەم شاعیرە ناسکەیان لەبەرچاوی دەیان گەنجی عاشقی شیعرەکانیدا شکاندووەو بە بەرچاوی خەڵکەوە بە لێدان پەلکێشیان کردووە، دەستگیرکردنی ئەو پۆلیسانە چ شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە؟ هەڵبەتە ئەو ڕوونکردنەوەیەی مەکتەبی وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە بێئاگایی وەزیری ناوخۆ لە کاری پۆلیسەکان بڵاویان کردووەتەوە، بە هیچ شێوەیەک لە جێگەی خۆیدا نییە، چونکە بێگومان ئەوە ڕاستە کە وەزیر ئاگای لە کاروکردەوەکانی ئەم پۆلیسو ئەو پۆلیس لەم کۆڵانو ئەو کۆڵانەدا نییە، بەڵام مادام وەزیری ناوخۆیە، بیەوێت یان نەیەوێت بەرپرسیارە بەرامبەر بە هەر کارێکی باش یان خراپ کە کارمەندەکانی ئەنجامی دەدەن. مەبەست لە دانانی وەزیر چییە، جگە لەوەی بەرپرسیارێتییەکان دیاری بکرێتو ئەگەر هەڵەیەکیش کرا، کەسێک هەبێت پرسیاری لێبکرێتو بە وردی دەستنیشانی هەڵەکان بکرێت، وەزیر پلە نییە بەڵکو ئەرکە.. ئەرکێکی یەکجار قورسیش کە ئەگەر نەتوانێت بە باشی جێبەجێی بکات، دەبێت لێی لابچێتو بیداتە دەست کەسانێکی دی کە باشتر دەتوانن کارەکان بەڕێوەبەرن. بێگومان من دڵنیام بەڕێز عوسمانی حاجی مەحمود نە کاری ئەو پۆلیسانەی پێ ڕاستەو نە کەمتەرخەمی لە لێپێچینەوەیان دەکات، بەڵام ئەوەش گومانی تێدانییە کە چ بەڕێزیو چ بەرپرسی ئەو پۆلیسانە هەر هەموویان لەم ڕووداوە بەرپرسیارنو لەسەریان حساب دەکرێت، بێگومان وەزیری بەڕێز کارێکی باشی کردووە پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ شاعیری خۆشەویستی هەموومان کاکە حەمەدا کردووە، بەڵام ئەمە کۆتایی بە شتەکان ناهێنێت، پرسیارەکە ئەوە نییە پاش ئەوەی ئەو پۆلیسانە ئەم هەموو ئەشکەنجەو سوکایەتییەیان بە جەنەراڵی پایز کردووە، سزادەدرێن یان نا، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە لە بنەڕەتەوە وەزارەتی ناوخۆ چۆن کەسانێکی ئاوەها نەخوێندەوارو دڵڕەقو توندوتیژیان خستووەتە ناو شەقامەکانی شارەوە کە خودا دەزانێت هەرجارەو چ کەسێک ئەشکەنجە دەدەنو سوکایەتی پێدەکەن؟ پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پێشوەخت ئەم کارمەندانە بە پەروەردەیەکی میهەنیی ڕاستەقینەدا نەڕۆیشتوونو لانیکەمی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤیان فێرنەکراوە؟ پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کەسانێکیان بە پۆلیس داناوەو سەڵاحیاتی وا ترسناکیان پێبەخشیون کە بە گەلەکۆمەکی پەلاماری هەر کەسێک بدەن کە بە میزاجی ئەوان نییە؟ کەسانێک کە تەنانەت نە شاعیرو نە نووسەرو نە ڕۆشنبیرانی شار دەناسنو نە تەنانەت ئاگاشیان لە یاساکانی ئەم وڵاتە هەیە؟ چونکە بەپێی یاساش بێت هیچ پۆلیسێک بۆی نییە توخنی بیروبۆچوونو ڕای خەڵکی بکەوێت (جا ئەو بیروبۆچوونە چۆن دەبێتو چ شڵێک وەردەگرێت). وەزیری ناوخۆ بەرپرسیاری یەکەمە کە لە بنەڕەتەوە کارمەندانێکی ڕەوانەی شار کردووە کە لانیکەمی خوێندەوارییو ڕێزگرتنیان تێدانییەو تفەنگەکانی دەستیان لەبری ئەوەی بۆ بەرگریکردن لە خەڵک بەکاربهێنن، وەک تێڵا بۆ لێدانی هاوڵاتییان بەکاری دەهێنن.. ئەویش چ هاوڵاتییەک؟ شاعیرێک کە بەناملکەیەکی خنجیلانەو شیعرە پایزییەکانی میوانێکی هەمیشەیی کتێبخانەی کوردیو ئەو شانازییە ئەدەبیانەیە کە ئەم شارە شانازیی پێوە دەکات.

**ئەگەر وڵات بەدەست ئەو کارمەندو فەرمانبەرانەوە بێت کە قسە وتنو ڕەخنەگرتنو نەیارێتی بۆ سیاسەتەکانیان قەدەغە بکات، ئیدی چ جیاوازییەکمان لەگەڵ ڕژێمی بەعسو هاوشێوەکانیدا دەبێت**

**ئەو مرۆڤە مەزنانە شەهید بوون بۆ ئەوەی هەزاران کەسی وەک شاعیری پایزو هەموو خەڵکی کوردستان ئازادبنو ئازاد بژین، نەک بۆ ئەوەی ببنە بیانووی قۆناغە تفەنگو کەلەبچە ناشرینەکانی ئێوە تا خەڵکی پێ ئازارو ئەشکەنجە بدەنو سوکایەتی پێبکەن**

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
b.nusin@rozhnama.com

دەستەی نووسەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤

ئۆفیسی هەولێر
**ڕێبین فەتاح**
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info@rozhnama.com-riklam@rozhnama.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

**نووسینگەی هەولێر:**
شەقامی شەست مەتری– تەنیشت وەزارەتی پیشەسازی ٠٦٦٢٥٦٩٩٨٥

This is trial version
www.adultpdf.com













چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

This is trial version
www.adultpdf.com